

# کەرکوک و ماددەی ١٤٠ داهــاتووی عێراق دیاری دەکەن




لەم بارودۆخە سەختەی کە پرۆسەی سیاسیی عێراقی پێدا تێدەپەڕێت، هێشتا لایەنی عەرەبی عێراق بە سوننە و شیعەوە لەسەر کاندیدکردنی کەسێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق ڕێکنەکەوتوون، پێشبینی دەکرێت دوای دەستنیشانکردنی کاندیدی سەرۆك وەزیران پرۆسەی سیاسی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق جۆرێك لە کرانەوەی تێدەکەوێت و لانی کەم سێ پۆستە سەرۆکایەتیەکە (سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆك وەزیران، سەرۆك کۆمار) یەکلادەبنەوە و لایەنە سەرەکییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت دەست بە وتووێژی فەرمی دەکەن، لەم قۆناغەدا کە پێدەچێت لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست پێبکات، گرنگترین دۆسێی کە فراکسیۆنی کوردستانی لە وتووێژە فەرمییەکاندا جەختی لەسەر دەکاتەوە، مەسەلەی پابەندبوونی حکومەتی داهاتووی عێراق دەبێت بە دەستووری عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بەپێی ئەو دەستوورە، گومانی تێدانیە کێشەو گرفتی سەرەکی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی، مەسەلەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستانە بەپێی ئەو ماددەیە، لەم ڕاستەوە وەك پرۆ فیسۆر جۆن ماکگاری لەم ڕاپۆرتە ئاماژەی پێکردووە، پێشبینی دەکرێت گرنگترین کێشە کە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە، مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکان بێت بەشێوەیەکی گشتی و مەسەلەی کەرکوك بێت بەشێوەیەکی تایبەتی. لەوانەیە وەك پرۆ فیسۆر براندن ئۆلێری لە کۆنفرانسی کەرکوك کە لەساڵی ٢٠٠٨ لە کۆنگرێسی ئەمریکا گرێدرا، هەستیارترین ناوچەی دابڕاو لای عەرەبی عێراق، تەنیا کەرکوك بێت و ناوچەکانی دیکە لەئاستی کەرکوك هێندە هەستیار نەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کەرکوك ٪٦ی یەدەگی نەوتی جیهانی و لە ٪٤٠ی یەدەگی نەوتی عێراقی تێدایە، بەڵام مەسەلەی نەوت لەمەسەلەی کەرکوك و گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان مەسەلەیەکی لاوەکیە و هێندە لای کەرکوك خاك و ناسنامەی کەرکوك گرنگە هێندە نەوتەکەی گرنگ نییە، ئەمەش واتە ئەگەر گرنگی کەرکوك لەبەر نەتەوەکەی بێت، ئەوا نەك کەرکوك، بەڵکو بەشەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان لەزاخۆوە تاخانەقین لەسەر دەریایەك نەوتە و لە دوای ساڵی ٢٠٠٦وە و بەپێی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەیان کۆمپانیای پەترۆڵی جیهانی کۆنتراکتیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و پرۆسەی نەوت دەرهێنان دەستی پێکردووە، حاڵی حازر نەوتی کوردستان ڕۆژانە بەرێگەی بۆرییە نەوتییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەگاتە بازاڕەکانی جیهان، زۆر لە دەوڵەتانی دراوسێی و دەوروبەر هەمان تێڕوانینی عەرەبی عێراقیان سەبارەت بە ناسنامەی کوردستانیبوونی کەرکوك هەبووە، بەڵام پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت مەسەلەی گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان مەسەلەی خاك و ناسنامەیە، نەك داهات و نەوت.

> **لە دوای ساڵی ٢٠٠٦وە و بەپێی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەیان کۆمپانیای پەترۆڵی جیهانی کۆنتراکتیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە**

هەروەها لایەنی کوردستانی لەپرۆسەی سیاسیی عێراقدا کە لایەنی سەرەکی بووە لە دارشتنی دەستووری عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەو گەرەنتیەی داوەتە عێراقییەکان کە داهاتی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکان بە شێوەیەکی عادیلانە بەسەر هەموو عێراقییەکاندا دابەشدەکرێت، بۆیە ئێستا دەوڵەتانی ئیقلیمی بە تایبەتیش تورکیا (کە لەمەسەلەی کەرکوکدا زۆر هەستیاربوو) گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بەپێی دەستووری عێراق دەبێتە هۆکارێك بۆ سەقامگیری عێراق و هەرێمی کوردستان.

> **دەوڵەتانی ئیقلیمی بە تایبەتیش تورکیا (کە لەمەسەلەی کەرکوکدا زۆر هەستیاربوو) گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بەپێی دەستووری عێراق دەبێتە هۆکارێک بۆ سەقامگیری عێراق و هەرێمی کوردستان**

گرنگە لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا، ئەوجا هەرلایەنێك رابسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، بەرنامەی حکومەتەکەی لەسەر پابەندبوون بە دەستووری عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان و کەرکوك بەپێی ماددەی ١٤٠ چارەسەر بکات، چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان و گەڕانەوەی ئەو ناوچە دابڕاوانە بۆسەر هەرێمی کوردستان، دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ سەقامگیری عێراق و ئەوەی بیەوێت سەرۆکایەتی حکومەتی داهاتووی عێراق بکات، ئەوا بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان نە عێراق سەقامگیری بەخۆیەوە دەبینێت و نە ئەویش لە هەڵسوڕاندنی حکومەتەکەی سەرکەوتوو دەبێت.



پرۆفیسۆر جۆن ماکگاری بۆ گوڵان:

# چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک گرنگترین کێشەیە کە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە

**پررۆ فیسۆر جۆن ماکگاری ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی کیونس لە کەندا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرسەکانی ناشنالیزم و دیموکراتی و شارەزایە لەسەر پرسی کورد لە عێراقدا و یەکێکە لەو نووسەرانەی بەشداربووە لە نووسنی کتێبی ( ئاییندەی کوردستان لەعێراقدا)، سەبارەت بەچارەسەری پرسی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان لەعێراقدا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێزی کرد بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە:**

ڕاوبۆچوونی من هەر نرخێکی هەبێت، ئەوا باوەڕم وایە پێویستە داهاتووی کەرکوك بە شێوەیەکی دیموکراتیانە یەکلابکرێتەوە، ئەویش بە ڕێگەدان بە هاووڵاتیە شەرعییەکانی بۆ ئەوەی لە ڕێی ڕاپرسییەوە بڕیار لە دوارۆژی ئەم شارە بدەن. ئەگەر کەرکوك ببێتە بەشێك لە کوردستان، ئەوا دەبێت ببێتە هەرێمێکی تایبەت لە چوارچێوەی کوردستاندا، کە ئۆتۆنۆمیەکی بەرچاوی هەبێت لە بەرامبەر هەولێردا. هەروەها دەبێت دابەشکردنێکی سەخاوەتمەندانەی دەسەڵات لە چوارچێوەی کەرکوکدا پیادە بکرێت، بە چەشنێك عەرەب و تورکمانەکان خاوەنی بەشێکی گرنگی پۆستەکانی ئەو شارە بن. ئەمەش دەبێتەهۆی قەرەبووکردنەوەی عەرەب و تورکمانەکان بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیەی کە ئەو کاتە کەرکوك لە چوارچێوەی کوردستاندا دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەگومانم لەوەی تەنانەت ئەم دابەشکردنە سەخاوەتمەندانەی دەسەڵات و پێدانی بارێکی ئۆتۆنۆمی تایبەت بەم شارە لە چوارچێوەی کوردستاندا ببێتەهۆی ڕازیکردنی عەرەب و تورکمانەکان لە ئاست کەرکوکێکدا کە بەشێك بێت لە کوردستان، ئەمە بۆ هەموو عەرەب و تورکمانەکانی کەرکوك ڕاستە، هەروەها بە دڵنیاییەوە نابێتەهۆی ڕازیکردنی عەرەبی بەشەکانی دیکەی عێراق. ئەمە بەو مانایە دێت کە ئەگەرەکانی چارەسەربوونی ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی ئاشتیانە ئەگەرێکی گەورە نین.

یەکێك لە پرسیارەکانی ئێوە ئەوە دەخاتەڕوو کە پرۆسەی یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکوك پرۆسەیەکی دیموکراتیە، کە دەبێت ئەمەش مایەی قبوڵکردن بێت لەلایەن هەموو لایەنە پێوەندیدارەکانەوە. ئەمە لۆجیکێکی زۆری تێدایە، هەروەها هەروەك پێشتر باسم کرد، هاوسۆزم لەگەڵ پیادەکردنی ئەم پرۆسەیەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، کەسانێك هەن (عەرەبەکان) باوەڕیان وایە نابێت ئەو خەڵکانەی کە دەبێت دیموکراتیانە

ئەگەر کەرکوک ببێتە بەشێک لە کوردستان، ئەوا دەبێت ببێتە هەرێمێکی تایبەت لە چوارچێوەی کوردستاندا دەبێت دابەشکردنێکی سەخاوەتمەندانەی دەسەڵات لە چوارچێوەی کەرکوکدا پیادە بکرێت، بە چەشنێک عەرەب و تورکمانەکان خاوەنی بەشێکی گرنگی پۆستەکانی ئەو شارە بن

عەرەبەکانی عێراق ترسی ئەوەیان هەیە کوردەکان لە یەکێک لە قۆناغەکاندا لە وڵاتەکە جیاببنەوە، ئەگەرچی ئەمە ئەگەرێکی دوورە لەبەر ئەوەی هێزە ئیقلیمیەکان (تورکیا، سوریا، ئێران) بەرهەڵستی هەنگاوێکی لەم چەشنە دەکەن



بڕیار لەسەر ئەم کێشەیە بدەن خەڵکی کەرکوك بن، بەڵکو دەبێت تێکڕای خەڵکی عێراق بن. ئەو کەسانەی بەم چەشنە بیردەکەنەوە، جا بیرکردنەوەکەیان هەڵە بێت یان راست، ئەوا ئەنجامدانی راپرسی لە چوارچێوەی کەرکوکدا بە راپرسیەکی دیموکراتی لە قەڵەم نادەن. لەوەش زیاتر، هەندێ لە رەخنەگرەکانی ئەنجامدانی راپرسی لە کەرکوکدا باوەڕیان وایە ئەگەر ئەنجام بدرێت، ئەوا پرۆسەیەکی ناشەرعی دەبێت، لەبەر ئەوەی بە باوەڕی ئەوان ژمارەی دەنگدەران دەستکاری کراوە، بەهێنانی خەڵکانی سەر بە پێکهاتەیەکی دیاریکراو بۆ شارەکە و بەرتیلدان بە خەڵکانی پێکهاتەیەکی دیکە بۆ ئەوەی شارەکە جێبهێڵن. هەموو ئەمانە دەبنەهۆی ئەوەی ئەو کەسانەی دژی ئەنجامدانی راپرسین لە کەرکوك ئەم پرۆسەیە بە ئاشتیانە قبووڵ نەکەن.

یەکێك لە پرسیارەکانی ئێوە دەربارەی ئەوەیە بۆچی عێراقییەکان ئەوە قبووڵ ناکەن کەرکوك ببێتە بەشێك لە کوردستان، لە کاتێکدا کوردستان رازی بووە بە دابەشکردنی داهاتی نەوت. وەڵامەکە ئەوەیە عێراقییەکان نیگەرانن لەوەی کوردەکان هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن لە ئاست دابەشکردنی داهاتی نەوتدا، لەوەش گرنگتر، دەترسن لەوەی بەڵێنی کوردەکان بە دابەشکردنی داهاتی نەوت تا ئەو کاتە جێبەجێ بکرێت کە کوردستان وەك بەشێك لە عێراق بمێنێتەوە. عەرەبەکانی عێراق ترسی ئەوەیان هەیە کوردەکان لە یەکێك لە قۆناغەکاندا لە وڵاتەکە جیاببنەوە، ئەگەرچی ئەمە ئەگەرێکی دوورە لەبەر ئەوەی هێزە ئیقلیمیەکان (تورکیا، سوریا، ئێران) بەرهەڵستی هەنگاوێکی لەم چەشنە دەکەن. ئەوەی پێوەندی بە گرنگی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکەوە هەبێت بۆ سەقامگیری عێراق، پێم وایە ئیجماعێك هەیە لە بارەی ئەوەی ئەمە کێشەیەکی گرنگە و رەنگە گرنگترین کێشە بێت کە رووبەڕووی عێراق بۆتەوە.

گوڵان
ژمارە (٧٩٢)
٢٠١٠/٨/٢



هیچ سەرکردەیەکی سیاسی عەرەب لە عێراقدا پێیوانییە لە پێگەیەکدا بێت بتوانێت رێگە بە جێبەجێبوونی ماددەی ١٤٠ بدات



**داڤید رۆمانۆ بۆ گوڵان:**

# ئێستا کاتی ئەوەیە کێشەی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان یەکلایی بکرێنەوە

**پرۆفیسۆر داڤید رۆمانۆ ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی رۆدس و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کەرکوک و عێراق و تورکیا، چەندین جار بە تایبەتی بۆ دیراسەت و توێژینەوە لەسەر پرسی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستانی کردووە و لە هەڵبژاردنەکانی ٧ی مارتی ٢٠١٠شدا یەکێك بوو لەو ئەکادیمیانەی کە تایبەت بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی کەرکوک هاتبووە عێراق و هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە رەوشی سیاسی عێراق و چۆنیەتی هەنگاو هەڵگرتن بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە، چەند پرسیارێکمان تایبەت بە کەرکوک و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق ئاراستەی پرۆفیسۆر رۆمانۆ کرد و بەڕێزی بە سوپاسەوە بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە:**

لە ساڵی ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦ وتارێکم دەربارەی کەرکوک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان نووسی، لەو وتارەمدا بە توندی ئەمریکیەکانم هاندا بۆ ئەوەی کۆششی سەخت بکەن تاوەکو بە زووترین کات ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر عێراق پتر سەقامگیر بێت، ئەوا پارتە سیاسییە عەرەبییەکان چیتر هەست ناکەن کە پێویست بە «قوربانیدان» دەکات بۆ جێبەجێکردنی چارەسەرێك کە دەستوور دیاری کردووە، ئەو دەستوورەی خۆیان رەزامەندییان لەسەرداوە. بەدڵنیاییەوە، سیاسەتمەدارانی واشنتۆن ویستیان جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دوا بخەن، لەبەر ئەوەی نیگەران بوون لەوەی جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە دەبێتەهۆی زیادبوونی ناکۆکی لە عێراقدا و وڵاتەکەش زیاتر بەرەو ناسەقامگیری دەبات.

پێنج ساڵ دواتر، ئێمە لە دۆخێکداین کە زۆر کەس ترسی ئەوەیان هەبوو بگاتە ئەم ئاستە، کە بریتییە لەوەی: هیچ سەرکردەیەکی سیاسی عەرەب لە عێراقدا پێیوانییە لە پێگەیەکدا بێت بتوانێت رێگە بە جێبەجێبوونی ماددەی ١٤٠ بدات، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە بەوە تۆمەتباردەکرێن کە «دەستیان لە کەرکوک هەڵگرتووە بۆ کوردەکان.» واتە باوەڕیان وایە سیناریۆیەکی لەم چەشنە بە مانای خۆکوشتنی سیاسی دێت بۆ ئەوان. لە نێو پارتەکانی عێراقدا، هەندێ لە سەرکردەکانی وەك ئەیاد عەللاوی و چەندین ئەندامی گرنگ هەن کە جەخت لەسەر بارگرژییەکانیان دەکەن لەگەڵ کوردەکاندا و ئەو دروشمانە بەرزدەکەنەوە کە نکۆڵی لە بانگەشەی کوردەکان دەکات لە ئاستی کەرکوک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکاندا. ئەمەش بە تەواوەتی بواری مانۆڕکردنی سنووردار کردوون لە هەوڵەکانیاندا بۆ گەیشتن بە رێککەوتنی سیاسی لە گەڵ پارتە کوردییەکاندا.

لە هەمان کاتدا پارتە کوردیە سەرەکییەکان کات و کۆششێکی زۆریان بەسەربردووە لە بەرگری کردن و داکۆکی کردن لە مافەکانی کورد لە کەرکوک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و ئەگەرێکی زۆر کەم لە ئارادایە کە بتوانن سازش لەسەر ئەم پرسانە بکەن و لە هەمان کاتدا بتوانن رووبەڕووی خەڵکەکەی خۆیان ببنەوە.

هەموو ئەم مەسەلانە بوونەتە هۆی ئەوەی بواری چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کەمتر بێتەوە. ئەو راستیەی کە پارتە کوردییەکان لەبەر چەند هۆکارێك، ژمارەیەك کەمتر کورسیان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠دا بەدەستهێنا ئەوەندەی دیکە

ئەگەری سەرکەوتنی لاوازکردن لە داواکردنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠دا. بەڵام هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد، ماددەی ١٤٠ بەشێکی گرنگە لە دستووری عێراق، ئەم دەستوورەش بناغەی یاسـایی دەوڵەتەکەیە و زۆرینەی عێراقییەکان لە راپرسـی سـاڵی ٢٠٠٥دا رەزامەندیـان لەسـەر دەربـڕی. بێ بوونی دەستوور، عێراق زۆرێك لە شەرعیەتەکەی لە دەسـت دەدات و ئەو کاتە چەندین ئەگەری مەترسـیداریش دێنەئاراوە. بـە دڵنیاییەوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خوازیاری عێراقێکی سەقامگیرە، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە هاوکاری عێراق بکات بۆ چارەسـەرکردنی ئەم کێشانە بە شـێوەیەکی دیموکراتی. بە تێڕوانینی من ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان گرنگترین کێشەی عێراقـی ئەمڕۆن (بە دڵنیاییـەوە جگە لە پرسـی پێکهێنانی حکومەتـی نوێ—کە بێگومان پرسـێکی دابڕاو نییە بەلای پارتە کوردیەکانەوە).

هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکردووە، هەرچۆنێك بێت دەبێت داهاتەکانی نەوت لە نێو تێکرای عێراقیەکاندا دابەش بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆنترۆڵکردنی ئـەو خاکەی کە نەوتی لێ بەرهەمدەهێنرێت لەلایـەن هەر گرووپێکەوە، ئامرازێکی گفتوگۆکردنی گرنگە و هێزی رەتکردنـەوە دەداتـە ئـەو گرووپانەی ئەم خاکانەیان کۆنترۆڵکردووە لە ئاست پرسەکانی پەیوەسـت بـە بەرهەمهێنانـی نەوتەوە. لە وڵاتێکدا کە متمانەکردن بە کەسـانی دیکە لە ئاستێکی نزمدایە، ئەوا ئەم کۆنترۆڵکردنە زۆر گرنگترە لەو مەرەکەبەی کە بەڵگەنامە و بەڵێنەکانـی پێنووسـراوەتەوە (بۆ نموونە ئـەو مەرەکەبـەی کـە مـاددەی ١٤٠ی پێنووسراوەتەوە). ئەمە هۆکاری سەرەکیە کە زۆرێك لە عەرەبەکانی عێراق بانگەشەکانی کورد لە ئاسـت کەرکوکـدا قبوڵ ناکەن—مەترسـی و نیگەرانی ئـەوان ئەوەیە ئەمە دەسەڵاتێکی زۆر دەداتە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لە عێراقدا، یاخود دەسـەڵاتی تەواویـان بۆ فەراهـەم دەکات بۆ ئەوەی لە عێراق جیاببنەوە. بە دڵنیاییەوە، سـەرکردە کوردەکان نیگەرانن لەوەی بەبێ کەرکوك، بە چەشنی رابردوو کوردستان ئیستیغلال دەکرێت و پەراوێزدەخرێت و پێشـێل دەکرێت (هەروەها گومـان لەوەدانیە کە خوازیـاری ئەوەن ئەو کوردانـەی لە ناوچە ناکۆکی لەسـەرەکاندا دەژین ببنە بەشێك لە کوردستان).

بـە تێڕوانینی من، هەڵوێسـتی کوردەکان لە ئاسـت بەغدادا لە سـاڵانی داهاتوودا لاواز و لاوازتر دەبێت. کەواتە ئێسـتا کاتی




ئەوەیە کێشـەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان یەکلابکرێتەوە، لـە کاتێکدا کە کوردەکان تا رادەیەك سەنگێکی سیاسـی و سەربازی بەهێزیـان هەیە بە بەراورد بـە گرووپەکانی دیکەی عێراق. بە پێچەوانەی ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ەوە ( کە ئەو کاتە پێگەی کوردەکان بەهێزتربوو)، پێموایە چارەسەرکردنی کێشەکە لە ئێستادا پێویسـتی بە سازشی زیاترە لە لایـەن کوردەکانەوە. دەکرێت ئەو سازشـەش هەر لە چوارچێوەی دەستووردا بێت، ئەویش بە تەفسیرکردنی ماددەی ١٤٠ بە شێوەیەك کە مایەی رەزامەندی سـەرکردە عەرەبەکان بێـت. بۆ نموونـە، دەکرێت ئەو بەشـانەی پارێـزگای کەرکوك کە دەنگیـان بۆ ئەوە نەداوە ببنە بەشێك لە کوردستان لە دەرەوەی کوردستان بمێننەوە، تەنانەت ئەگەر زۆرینەی پارێزگاکەش دەنگیـان لەبەرژەوەندی بوونە بەشـێك لە هەرێمی کوردسـتان دا. ئەمەنە تەنیـا نموونەیەك بوو بۆ ئـەوە کە دەکرێت چەندین تەفسـیر بۆ یاسـایەك بکرێت، کە دەکرێت یەکێك لەو تەفسیرانەش بە شێوەیەك بێت کە هـەم عەرەب و هـەم کوردەکانیش بانگەشەی سەرکەوتن بکەن («ئێمە خەڵکانی خۆمان و چەندین ناوچەی گرنگمان لە ژێر کۆنترۆڵی خۆماندا هێشتەوە و کێشەکەشمان چارەسـەرکرد....») بۆ ئـەوەی کەرکوك دابەش نەبێت، دەبێت کوردەکان سازش بکەن، لە شـێوەی پێدانی «بـاری تایبەت» بە شـارەکە کە زۆر ئاماژەی پێدەکرێت. رەنگە ئەوەی دەیڵێم کوردەکان دڵخۆش نەکات، بەڵام باوەڕم وایە ئێمە گەیشتووینەتە ساتەوەختێك کە هەر پێداگیریەك لەسـەر تەفسیرکردنی ماددەی ١٤٠ کە سازشـی لە خۆنەگرتبێت هیچ دەرئەنجامێکـی لێناکەوێتەوە، یاخود رەنگە دەرئەنجامێکـی خراپی لێبکەوێتەوە، وەك توندوتیژی و ئەگەرە مەترسیدارەکان.

**هەندێ لە سەرکردەکانی وەک ئەیاد عەللاوی ئەو دروشمانە بەرزدەکەنەوە کە نکۆڵی لە بانگەشەی کوردەکان دەکات لە ئاست کەرکوک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکاندا**

# سەرنجێکی ڕەخنەیی لە زاراوەی دەوڵەتی ئیسلامیی



عەبدولڕەحمان سدیق *

زیادەڕەویی لە بەکارهێنانی زاراوەی (ئیسلامیی)دا، دیاردەیەکی زەقە لەزۆربەی کۆمەڵگە موسڵمان نشینەکاندا، بەتایبەت لەماوەی سێ دەیەی ساڵانی ڕابردوودا کە ئەمەش بێگومان دەرهاویشتەی زۆر فاکتەری جۆراوجۆرە لەوانەش:

یەکەم/ هۆکاری مێژوویی: وەکو کاردانەوەیەك بۆ ڕووداوی ڕووخانی خەلافەتی عوسمانیی، ئیدی وەکو گێڕانەوەی هاوسەنگییەك لە زۆر بواردا وشە و زاراوەی ئیسلامیی هاتە ئارا.

دووەم/ هۆکاری سیاسی: چونکە گەلانی موسڵمان زۆر پابەندن بە ڕێنمایی و سروتە ئیسلامییەکانەوە، بۆیە ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراو لەژێر ناوی ئیسلامیدا هاتنەبوون بۆ وەرگرتنی متمانەی سیاسیی هاووڵاتیان.

سێیەم/ هۆکاری دەروونی: وەك هەستکردنێك بە خۆ بەکەم زانین لە بەرامبەر پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوادا، زۆرێك هاتن و هەموو ئەو پێشکەوتنانەیان دەدایە پاڵ ئیسلام کەگوایە ئیسلام پێش چەندین سەدە باسی ئەو پێشکەوتنانەی کردووە.

چوارەم/ هۆکاری ئابووری: کە خەڵکێکی خاوەن سەرمایە دەیانزانی خەڵك پارەی خۆی ئاسانتر دەخاتەگەڕ و کار، ئەگەر بازاڕ مۆرکێکی ئیسلامیی بەخۆوە بگرێت یان ناوی ئیسلامیی لە شتومەك و بەرهەم و کۆگا و کارگە و دامەزراوەکانی بنێت، بۆیە لەوساوە شاهێدی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی کۆگای جل و بەرگی ئیسلامی و پەرتوکخانەی ئیسلامیی و بانکی ئیسلامیی و نەخشەی ئیسلامی و پزیشکیی ئیسلامی و. تاد بووین!!

ڕەنگە نیەت و پاڵنەر لەم ناولێنانە پاك و ئیجابی بن، بەڵام لە ئەنجامدا هەموو کەموکورتیەکی ئەو کار و بەرهەم و چالاکییانەش کە لەژێر زاراوەی ئیسلامیدا کراون، هەمووی گوناهی گەورەن و لە گەردنی خاوەنی ئەو پرۆژانە دایە، چونکە ئیسلام ناوێکی گشتییە، نابێت تایبەت بکرێت، ئیسلام هی هەمووانە و نابێت تەنیا بۆ بەشێك بێت، ناوی ئایینێکە و نابێت ناوبێت بۆ شتی تر.

ئیسلام ئایینە، کۆمەڵێك ڕێنمایی گشتی و بنەمای فراوانی ئەوتۆن کە دەکرێت لە ناوەڕۆکی کار و کردەوە و پرۆژە و چالاکییەکاندا ڕەنگ بداتەوە و بەرجەستە بکرێت، نەك هەرکەس لەلای خۆیەوە ناوی ئیسلام لەحزب و ڕێکخراو و کارگە و کۆگا و خواردەمەنی بنێت.

سەردەمی ئەمڕۆ، سەردەمی کار و بەرهەم و ئەنجامی بینراوە، نەك سەردەمی دروشم و ناو و شتی بیستراو.

لە سەردەمانی پێشوودا (گوێ) کاری زیاتری دەکرد لە سایەی دابڕان و دووریدا، بەڵام لەم سەردەمە (چاو) کاریگەری زیاتر بووە لە سایەی کرانەوە و نزیکیی و بەیەکگەیشتندا.

ئیسلام لەم سەردەمەدا دەبێت لەسەر دەستی شوێنکەوتووانیدا پرۆسەیەکی بینراو و پرۆژەیەکی دیاربێت و کار بە ناوەڕۆك و لە ناوەڕۆك بکات، دوور لە ناو و دروشمی بێ گیان و سادە و ڕووکەش، کە نەك توانای گۆڕینی نییە، بەڵکو توانای بەرگەگرتنی سەردەمیشی نییە.

لەلایەکی دیکەشەوە زۆرێك لەبزاڤە ئیسلامییە سیاسییەکان لەهەمان گۆشەنیگای سەرەوە، لە بەرامبەر ئەو ڕۆڵەی کە زۆرێك لە بیرمەندانی ئەورووپا دەیاندایە دەوڵەت، لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی لە جیهانی ئیسلامیدا، وەك کاردانەوەیەك لە بەرامبەر ڕەوتی نەتەوەییدا، زۆربەی هەرەزۆری ئیسلامییەکان بەگشتی و (ئیخوان) بەتایبەتی، دەیان ساڵی تەمەنی خەباتی خەڵکی خۆیان بۆ بنیادنانی دەوڵەتی ئیسلامیی بە خەرجدا، لەژێر دروشمی: (تاکی موسڵمان ـ خێزانی موسڵمان ـ کۆمەڵگەی موسڵمان ـ دەوڵەتی موسڵمان) کە تا ئێستا زیاتر لە هەشتا ساڵ دەکات، بەڵام ئەوان توانیان لە زۆر وڵاتدا سێکوچکەی تاك و خێزان و کۆمەڵگە بنیاد بنێن، بەڵام بە بۆچوونی ئەوان هێشتا دەوڵەتی ئیسلامیی دروست نەبووە.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا هەشتا ساڵ زۆر نییە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێك کە ئەوەندە سیفات و ڕەهەندی هەبێت پێی بوترێت ئیسلامیی؟!

لام وایە دەوڵەتی ئیسلامیی بۆیە دروست نەبووە تا ئێستا، چونکە هەیە و پێویست بە دروستکردنی ناکات، بەڵکو پێویستی بە چاکسازی هەیە!

چەمکی دەوڵەت بە مانای ئەو قەوارە سیاسی و جوگرافیەی کە هەرسێ ڕەهەندی خاك و گەل و سەروەریی لەخۆ گرتبێت، ئێستا زیاد لە پەنجا دەوڵەت هەیە کە ئەم سیفاتانەی خوارەوەیان تێدایە، چونکە:

- لە دەستووری زۆربەی ئەو دەوڵەتانەدا، ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی، یان یەکێکە لە سەرچاوەکانی یاسادانان.
- ئەو دەوڵەتانە لەچوارچێوەی ڕێکخراوی

کۆنگـــرەی ئیســـلامیدا کۆبوونەتـــەوە، دامەزراوەیەکە دانپیانراوە لە جیهاندا.
- ئەو دەوڵەتانە وەك دەوڵەتەکانی مێژووی ئیســـلامیی ئەگـــەر هەندێـــك گرفت لە فەرمانڕەوا و سیســـتمی حوکمیدا هەبێت، ئەوا زۆرینەی زۆری گەلانی زۆر پابەندن بە ئیسلامەوە.
- خەڵکی ئەو دەوڵەتانە وەکو موسڵمانانی جـــاران، بەڵام بە میکانیزمی ســـەردەم لە هەوڵی چاکترکردنی سیستەمەکانی ژیانی خۆیانن.
بۆیـــە لێرەوە لام وایە بزاڤە ئیســـلامییەکان گشـــت هەوڵەکانیـــان تەرخـــان بکەن بۆ چاکســـازی لەنێـــو دەوڵەتەکانیانـــدا نەك هەوڵدان بـــۆ دروســـتکردنی دەوڵەتێك کە دروست بووە پێش دەیان ساڵ.
لە ئیسلامدا بنەمای گشتی وەك ئازادیی و دادپەروەریی و شوار و کەرامەتی مرۆڤ و مافەکانی هەیە، کە لە هەر سەردەمێکدا لـــە جۆرێك دامەزراوەی نوێدا بەرجەســـتە دەبن.
بۆیە بە درێژایی مێژوو، گەلانی موسڵمان دەوڵەت و هەرێم و ویلایەتی خۆیان هەبووە و ئێستاش هەیە و ماون، کەواتە دەبێت ئەرکی چاکسازان نوێکردنەوەی فۆرم و ناوەرۆکی ئەم قەوارانە بێت، بە ئاراستەی دادپەروەریی و زامنکردنـــی مافەکانی گەلانی نێو ئەم قەوارانە.
لەلایەکی دیکەشـــەوە گرنگـــە ئاماژە بۆ راســـتییەکی دی بکەین ئەویش ئەوەیە کە بۆ تێگەیشتن لە هەر چەمك و زاراوەیەك، گەڕانەوە بۆ هەرسێ رەهەندی (زمان و زەمان و زەمینە)، زۆر پێویستە. چونکە چەمکی دەوڵەت کاتێـــك لە کولتووری رۆژئاوادا بە مانای قەوارەی سیاسی جوگرافیی - کە هەرســـێ توخمی خاك و گەل و سەروەریی -لەخۆ گرتووە، بەڵام لە کولتووری گەلانی موســـڵماندا چەمکی دەوڵەت گۆڕاوبووە و بەمانای ماوەی حوکمکردن و ســـاڵەکانی فەرمانڕەوایی کەسێك هاتووە وەك وتوویانە (دولة بنی أمیه) یان (دولة بنی العباس) یان (دوله بنی عثمان) یان وردتر بەماوەی حوکمکردن هەر خەلیفەیەك وتراوە دەوڵەت، وەك (ئەبو دولامە) لە شیعرێکدا وتویەتی: (أفي دولة المنصور حاولت..).
بۆیە ئێســـتاش لە وڵاتانـــی عەرەبیدا بە ماوەی حوکمکردنی کەســـێك یان ماوەی کابینەی هەر سەرۆك وەزیرێك دەڵێن: (دولة رئیس الوزراء).
هەربۆیە لە مێژوودا بە ماوەی حوکمکردنی ئەیوبییەکان و سەلجوقییەکان و سەفەوییەکان و.. تاد وتـــراوە (الدولة الایوبیە) و (الدولة السلجوقیه) و (الدوله الصفویه).
جیاوازییەکـــی تر ئەوەیە کە رێڕەوی کاری سیاســـی لە رۆژئاوا بە هەرسێ رەهەندی (تاك ـ ئازادیی ـ دەوڵەت)دا رۆیشتووە، بەڵام لای گەلانی موسڵمان بە هەرسێ رەهەندی (کۆمەڵگە، دادپەروەری، سەرکردایەتی)دا رۆیشتووە.
چەمکـــی دەوڵـــەت (State) جێگریی و مانـــەوەی تێدایـــە، هەرچـــی چەمکی (دوله)، بە مانای حکومـــەت و ئاڵوگۆڕ و دەستاودەســـتکردن هاتـــووە لای گەلانی موسڵمان.
بۆیە بەراوردکردنی هەردوو چەمکەکە لەژێر یەك نـــاودا کە دەوڵەت بـــووە لێرەو لەوێ، بەراوردکردنێکی راست دەرناچێت.
هەر لەبەر ئەم هۆیەش بووە کە موســـڵمانان بە ماوەی حوکمکردن و فەرمانڕەوایی هەر کەس و هۆز و نەتەوەیەك وتوویانە دەوڵەتی ئەو کەس و هۆز و نەتەوەیە، چونکە دەوڵەت مانای ماوەی فەرمانڕەوایی بوو کە رۆژێك کۆتایی دێت بـــە کۆتایی ئەو کەس و هۆز و نەتەوەیە.
بۆیە نەیانوتووە دەوڵەتی ئیسلامی، چونکە بە کۆتایی هاتنی ماوەی فەرمانڕەواییەکە، ئیســـلامیش کۆتایی پێ دێت، کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە حوکمی کەس و هۆزێك کۆتایی دێت، بەڵام ئیســـلام هەر دەمێنێ و کۆتایی نایەت.
کەواتـــە بە هـــەر نیەتێك بێـــت هەڵەیە کە زۆرکـــەس بـــە دەوڵـــەت دەڵێـــن دەوڵەتی ئیســـلامی، چونکە لە مێـــژووی گەلانی موســـڵماندا زانـــراوە کە دەوڵـــەت ماوەی حوکمکردنە و کاتیـــە و تەواودەبێت، بەڵام ئیسلام ســـابیتە و هەمیشەییە و دەمێنێت، بۆیـــە زاراوەی دەوڵەتی ئیســـلامیی لەم ســـەردەمەدا، زاراوەیەکـــی داتاشـــراوە، بە کولتووری ئیسلامیش نامۆیە، کۆکردنەوەی کاتیـــەك و هەمیشـــەییەکە لـــە روانگەی فەرهەنگی گەلانی موسڵمانەوە.
هەرچی جێگە و پێگەی ئیسلامیشـــە لە دەوڵەتی ئەم سەردەمە و دەوڵەت بە مانای ئێســـتای، ئەوە پێویستە قسەی دی لەسەر بکەین بەتایبەت کەخۆم ئەزموونێکی (٣٠) سی ساڵیی(١٩٧٩-٢٠٠٩)م هەیە لەکاری سیاســـیی و حزبیـــی ئیســـلامیدا،چونکە چەمکـــی ئیســـلامی دەوڵـــەت راســـتتر گوزارشـــت لەخـــۆی دەکات لە فەرهەنگی ئیســـلامدا هەتـــا چەمکـــی دەوڵەتـــی ئیســـلامیی، چونکە لەدواجاردا بەئاشکرا جیاوازیی لەنێوان هەردوو دەســـتەواژەکەدا دەبینیت کە یەکەمیان: ئیســـلامی دەوڵەتەو دووەمیان: دەوڵەتی ئیسلامییە:
١. ئیسلامی دەوڵەت پێگەی ئیسلامی لەلا گرنگە لەدەوڵەتدا، بەڵام دەوڵەتی ئیسلامیی دەوڵەتی لەلا گەورەیـــە، لەپێگەی دەوڵەت دەڕوانێت لەئیسلامدا.
٢. ئیســـلامی دەوڵەت ئامانجی ئایینی و کۆمەڵایەتیـــە، بەڵام دەوڵەتی ئیســـلامیی ئامانجی سیاسییە.
٣. ئیسلامی دەوڵەت رەچاوی شوێن و کات و خەڵك دەکات، بەڵام دەوڵەتی ئیســـلامیی گشتگیرەو رەچاوی ئەو سێ رەهەندە کەمتر لەبەرچاو دەگرێت.
٤. ئیسلامی دەوڵەت بڕوای بەرێژەیی هەیە لەپیادەکردنـــدا، بەڵام دەوڵەتی ئیســـلامیی رەهایە.
٥. ئیســـلامی دەوڵەت راســـتییەکان لای ئیســـلام دەهێڵێتەوە و دەوڵـــەت دەخاتە ژێر پرسیاری جێبەجێنەکردنەوە، بەڵام دەوڵەتی ئیســـلامی راســـتییەکان لای دەوڵـــەت دەهێڵێتەوە و ئیســـلام دەخاتە ژێر پرسیاری بەئەنجام نەگەیشتن.
٦. ئیســـلامی دەوڵـــەت بەدرێژایی مێژوو پەیڕەو کراوە، دەوڵەتی ئیســـلامیی تازەیەو کاردانـــەوەی دوای رووخانـــی خەلافەتەو سیاسییە.
٧. ئیســـلامی دەوڵەت رێگە بەخۆی نادات نوێنەری دوا فۆرم و تاکە نوێنەری ئیسلام بێت، بەڵام دەوڵەتی ئیسلامیی بانگەشەی دوا فۆرم و تاکە نوێنەری ئیسلام دەکات.
٨. ئیســـلامی دەوڵـــەت هەڵـــەکان دەخاتە ئەستۆی دەوڵەت، بەڵام دەوڵەتی ئیسلامیی هەڵەکان دەخاتە ئەستۆی ئیسلامەوە.
٩. ئیســـلامی دەوڵـــەت بە بەهـــا باڵاکان رێنمایی مـــرۆڤ دەکات و بەرزی دەکاتەوە بۆ لای بەهاکان، بەڵام دەوڵەتی ئیسلامیی بە بەها باڵاکانـــەوە دادەبەزێت و مانایەکی جوانیش بۆ بەها بـــاڵاکان ناهێڵێتەوە کاتێك دایان دەبەزێنێت بۆ لای مرۆڤەکان.
١٠. ئیسلامی دەوڵەت، دەوڵەتی لەلا هۆکارەو دژایەتی ناکات، بەڵام دەوڵەتی ئیسلامیی، دەوڵەتی لەلا ئامانجەو شەڕی بۆ دەکات.

# ئایا سیستەمی دابینکردنی
# بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکـ



سیاسی

# تەندروستی و کۆمەڵایەتی
# ـــان جێــبەجێ دەکــرێت؟





**لە چەمچەماڵ جگە لە کردنەوەی (نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵان)ی کەسوکار و پاشماوەی ئەنفالەکان، چەندین بنکەی تەندروستی دیکەشمان بۆ کردونەتەوە تا بە خۆڕایی چارەسەریان بکرێت، لەوانەش سەنتەری ئامادەکاری و ڕاهێنانی دەروونی**

**لە کەلار نەخۆشخانەیەکی پێشکەوتووی پەنجا قەرەوێڵەیی بۆ لەدایکبوون و چارەسەری منالانی کەسوکاری ئەنفالکراوان کراوەتەوە**

لە بیست و حەوتەمین ساڵیادی ئەنفالکردنی هەشت هەزار بارزانیدا، کەسوکاری سەربەرزی ئەنفالەکان ئەم پرسیارەیان ئاراستەی گوڵان کردووە :

((سیستەمی دابینکردنی تەندروستی و کۆمەڵایەتی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان چۆن بەڕێوە دەچێت؟))



ئێمەیش بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە سەردانێکی بەڕێز(**دکتۆر تاهیر هەورامی**) وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان کرد..

لە ڕێگەی گۆڤاری گوڵانەوە بەمجۆرە وەڵامی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی داوەتەوە:

١. وەکو وەزارەتی تەندروستی لە (گەرمیان) نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستیمان کردۆتەوە، یەکێك لەم نەخۆشخانانە کە نەخۆشخانەی (لەدایك بوون و منداڵانە)، لە کەلارکراوەتەوە، نەخۆشخانەکە (٥٠) قەرەوێڵەییە و بەتازەترین ئامێرو پێداویستی پزیشکی هاوچەرخ ئامادەکراوە، هاوکات پزیشك و کارمەندی شارەزاو پسپۆڕی زۆرباش تێیدا کاردەکەن کە ئەمەش سەنتەرێکی تەندروستی گرنگە لە گەرمیان.

٢ـ لە چەمچەماڵ نەخۆشخانەیەکی (لەدایکبوونی منداڵان)مان کردۆتەوە، هاوکات لە گەرمیان چەندین بنکەی تەندروستی تایبەتمان بۆ کەسوکار و وەرەسەی ئەنفالکراوەکان کردونەتەوە..

٣. هەروەها سەنتەرێکی ئامادەکاری و ڕاهێنانی دەروونیمان بۆ ناوچەی گەرمیان لە چەمچەماڵ کردۆتەوە..

٤. بەردی بناغەی سەنتەرێکی ڕاهێنانەوەی دەروونی دیکەشمان بۆ ناوچەی بادینان لە (بلێ) داناوە، باڵەخانەکەی لەتەواوبووندایە، ئەم سەنتەرەش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان (وەزارەتی تەندروستی)و حکومەتی هۆڵەندی دروستکراوە، بەڵام ئەو کادێرانەی کاری تێدا دەکەن سەر بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و کاروکاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و وەزارەتی تەندروستیش بەڕێوەیان دەبات.

٥. پلانمان هەیە سەنتەرێکیش لە هەڵەبجە دابنێین ..

کاری ئەم سەنتەرانە ئامادەکاری و ڕاهێنانی دەروونییە بۆ کەسوکار و واریسی ئەنفالکراوان. هەروەها چەند سەنتەری دیکەمان هەیە کە سەر بە حکومەتی ئەلمانیایە بە هاوکاری وەزارەتی تەندروستی حکومەتی کوردستان و هاوکات سەنتەری دیکەشمان هەیە کە ڕێکخراوی (هار تلاند ئەلایەنس) بۆ پێداویستی مرۆیی و مافی مرۆڤ کاردەکەن..

ئەمانیش بۆ ڕاهێنان و باشکردنەوەی دەروونی ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی زەبرو زەنگ و ئەشکەنجە باری دەروونیان تێکچووە هاوکاریمان دەکەن..

دەتوانین بڵێین زۆربەی خەڵکی عێراق و کوردستان لە ئەنجامی ئەو حکومەتە یەك لە دوای یەکانەی کە لە پێش ساڵی ١٩٩١ هاتوون تووشی ئەم جۆرە نەخۆشییە دەروونییە هاتوون، دەبێ هەموو کەس ئەو ڕاستییە بزانێ کە گەرمیان و چەمچەماڵ و هەڵەبجە و دۆڵی بالیسان وبادینان و....تاد. گەورەترین کاری دڕاندانەیان بەرامبەر کراوە کە ئەویش ئەنفال و کیمیاباران بووە ..

دەبێ ئەولەویەت وکاری سەرەکی لەمبارەوە

**پشکنین و چارەسەریی لە بنکەو نەخۆشخانەکانی تایبەت بە واریس و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان کراوەتە خۆڕایی ..**



**بە خۆڕایی قەستەرەو شەبەکەو نەشتەرگەریبان لە نەخۆشخانەی دڵ لە سلێمانی بۆ دەکرێت**

**بنکەی شەهیدان لە سەر شەقامی (٦٠) مەتری هەولێر هەمووئێوارانێک بۆ چارەسەری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان تەرخانکراوە**

لە عێراق و کوردستان بۆ ئەم شوێنانەبێ و ئێمەش هەروامان کردووە، چونکە ئەو کارە دڕندانەی دەرهەق بە گەلی کوردستان کراوە لە دنیادا نموونەی زۆر کەمە ئەمەش کاریگەریەکی دەروونی و جەستەیی زۆر لەسەر کەسوکار و منداڵەکان و پاشماوەکانی ئەنفال و کیمیابارانکراوان دروستکردوە، بۆیە ئەو خزمەتگوزارییەی کە لە نەخۆشخانە و سەنتەرە پێشکەوتووەکان پێشکەش بە نەخۆش دەکرێ دەبێ هەمان ئەم پشکنین و چارەسەرانە پێشکەش بە پاشماوەی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان بکرێت لەگەڵ چارەسەر و ڕاهێنانەوەی بارەی دەروونییان.

وەزیری تەندروستی لە تەوەرەیەکی دیکەدا وتی: ئێمە بەردەوام بە کردنەوە خوول و و ڕاهێنانی پزیشکان و کارمەندان و کادیران خەریکین، لە بواری ئامادەکردن و ڕاهێنانی دەروونیەوە وڵات و ڕێکخراوی بیانی شارەزا وەکو ئەڵمانیا و هارتلاند ئەلایەنس هاوکارمانن . تاد.

ئەم ڕێکخراوە شارەزا و تایبەتمەندانە لێرەن هەر بۆیە پێویست ناکات کادیران بنێرینە دەرەوە و، بەردەوامیشین لە سیمینارات بۆ پاشماوەی ئەنفال و کادیران . لە ٢٠١٠/٧/٣١ لە هۆڵی دیوانی وەزارەتی تەندروستی لە هەولێر بۆ ماوەی (٥) ڕۆژ خولێکی ڕاهێنانی تەندروستی دەروونی ساز دەکرێت لەلایەن وەزارەتی تەندروستی حکومەتی کوردستان بە هاوکاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ ڕاهێنەرانی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی تری عێراق بە مەبەستی بەهێزکردنی تواناکانیان لە گەیاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی بە هاووڵاتیان، بەتایبەتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ..

وانەکان لەلایەن چەند پسپۆڕێکی نێودەوڵەتی سەر بە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێشکەش دەکرێن.

هاوکات بە نووسراو لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری ئاگادارکراینەوە کە کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان لە کرێی پشکنین و چارەسەرکردن لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانی حکومەتی کوردستان ببەخشین ..

لەلایەن ئێمەشەوە ئەمە بڕیاری فەرمی پێدەرچوێنرا و بۆ ئەو مەبەستەش نووسراومان ئاڕاستەی بەڕێز وەزارەتی کاروکاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کردووە..

بەنموونە:

١. بنکەی شەهیدان لە سەر شەقامی (٦٠) مەتری هەولێر هەمووئێوارانێك تەرخانکراوە بۆ چارەسەری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان

٢. لە (نەخۆشخانەکەی دڵ) لە سلێمانی چەند گەنجێکی پزیشکی شارەزا و پسپۆڕ بە گیانێکی نیشتمانپەروەری و دڵسۆزانەوە بەخۆڕایی کاری تێدا دەکەن،لەوێدا بە خۆڕایی قەستەرە و شەبەکە و نەشتەرگەری بۆ واریسی شەهید و ئەنفالکراوەکان ئەنجام دەدرێن بێ وەرگرتنی پارە لەوانەی نەشتەرگەرییان بۆ دەکرێت.

لە کۆتاییدا دکتۆر تاهیر هەورامی وەزیری تەندروستی وتی:

ئێمە و حکومەتی کوردستان لە خزمەتکردن و پاڵپشتی کردنی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان و شەهیدان بەردەوامین و هەرچییان بۆ بکەین هەر کەمە، بەڵام ئامادەکردن و ڕاهێنانی دەروونی گەورەترین و ستراتیژیترین کاری ئێمەیە بۆ باشترکردنی ژیان و دەروونی ئەم کەسوکارانەمان.

# کۆنفرانسی نەتەوەیی گشتی کورد:

# خەیاری ئاشتی و، خەیاری هاوکاری گەلانە



**فەلەکەدین کاکەیی**

پێشنیاری بەستنی کۆنفرانسی نەتەوەیی گشتی جارێکی دیکە سەریهەڵدایەوە، ئەمجارەیان بە ئومێدی گەشتر.

گرێدانی کۆنفرانسەکە بە ئامادەبوونی گشت، لایەن و گرووپە سیاسییەکانی سەرانسەری کوردستان، بیرۆکەیەکە پتر لە دوو ساڵە هاتووەتە ئاراوە.

ئەمجارەش بەڕێز سەرۆك بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پێشوازیی بەڕێز ئەحمەد تورك و یاوەرانی لە پارتی ئاشتی و دیموکراتی (BDP) بیرۆکەکەی هێنایە و سەر بەرنامەی باس، ئیدی وەختی کاری جیدی و نەپساوەیە بۆ بەستنی ئاوەها کۆنفرانسێك، لەسەر خەیاری ئاشتی و خەباتی سیاسییانەی گەلی کوردستان، بدوێت.

من لێرەدا چەند وردە زانیاریی دیکە وەیاد دەهێنمەوە و دەڵێم کە:

(١) بەستنی کۆنگرەیەکی یا کۆنفرانسێکی، فراوانی کوردی لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناڤین و بە ئامادەبوونی دۆستان و پشتیوانانی مەسەلەی دۆزی رەوای کورد، یەکەمین جار ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٢ هاتە ئاراوە.

ئەوکاتە، لەبەر دژواریی باری خەباتی حزب و هێزەکان و دووربوونیان لە یەکتر بەهۆی کۆسپ و لەمپەڕی جوگرافیایی و سنوور و رژێمەکانەوە، دانوستاندنی لەمەڕ بیرۆکەکە ناڕاستەوخۆ و دوو قۆڵی و سێ قۆڵی بەڕێوەچوو، بەڵام سەری نەگرت، چونکە کۆسپی جوگرافیایی و سیاسی و دەمارگیریی حزبی و ئەیدۆلۆژی لە توانای ئەوسامان خورتتر بوو.

(٢) ساڵی ١٩٨٨-١٩٨٩ بیرۆکەی کۆنفرانسی نەتەوەیی، یا کۆبوونەوەیەکی هەمەلایەنەی فراوانی گشت حزبە کوردستانییەکان، بەشێوەیەکی رێکوپێکتر نوێبووەوە؟ تا ساڵی ١٩٨٩ دا مەدام میتران و هاوکارانی پێشنیارەکەیان بەرەو پێشبردوو، بیرۆکەی بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی سۆسیال دیموکراتەکان و حزبە کوردستانیەکانیان هێنایە ئاراوە، ئەوەبوو لەپاریس، هەمان ساڵ، کۆنگرەیەکی گرنگی نێودەوڵەتییان بەست بۆ هاوکاری و پشتیوانی بزووتنەوەی کورد و مەسەلە ڕەواکەی.

کۆنفرانسەکەی پاریس لەو بارودۆخەدا ئێجگار گرنگ و هەستیار بەسترا.

ئەوەبوو بەدرێژایی ساڵی ١٩٨٨ گەلی کوردستان و بزووتنەوەکەی لە باشوور تووشی شەڕی جینوسایدی رژێمی بەعسی عەرەبی بووەوە، کە تێیدا چەکی قەدغەکراوی کیمیایی و گازی ژاراویی بەکارهێنابوو، لەسەرانسەری ناوچەکانی گەرمیان و کەرکووك و سلێمانی و هەولێر و بادینان تاوانی دڕندانەی ئەنفالی دەرهەقی کورد کردبوو.

جگە لە زەرەر و زیانی بەشەری و ماددی کە خەباتی پێشمەرگایەتیشی دووچاری قەیران و زەحمەت و دژواری هێنابوو.

هەربۆیەش کۆنفرانسی پاریس- ١٩٨٩ هەم لە ناوخۆی کوردستاندا مایەی بەرزبوونەوەی گیانی ورەی مەعنەوی بوو، هەم لە ئاستی جیهانیشدا دۆزی کورد، جارێکی دیکە ناسرایەوە و کەوتەوە سەر باسی کۆڕو کۆمەڵەی دنیاو، هاوکاریی فراوانتری وەدەستهێنا.

(٣) بڕیار بوو سوسیال دیموکراتی نێودەوڵەتی، لە دەرفەتێکی دیکەدا کۆنگرەی جیهانی دەربارەی مەسەلەی کورد گرێبدرێت، ئەوەبوو دوای راپەڕینی باشوور ساڵی ١٩٩١ دەرفەت هاتەپێش، ئەمجارەیان لە ستۆکهۆڵم پایتەختی سوید لە ساڵی ١٩٩٢دا کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی دیکە بە ئامادەبوونی گشت لایەنەکانی کورد لەسەرێك و دەیان حکومەت و حزبی سوسیال دیموکرات و دۆستان و شارەزایانی دۆزی کورد لەسەرێکی دیکەوە بەڕێوەچوو، تێیدا هاوکاری و پشتیوانی نێودەوڵەتی لە ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان و دەسکەوتەکانی راپەڕینی ١٩٩١ دووپاتکرایەوە.

(٤) بەڵام لە ساڵی ١٩٩٤ ەوە، تا ئەمڕۆ ئیدی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی، لەو ئاستەدا، نەبەسترا، کە هۆی سەرەکی بۆ بارودۆخی ململانێ و شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بوو، کە بە درێژایی ١٩٩٤-١٩٩٨ شەڕ و نەبەردی خوێناوی دڵتەزێنی لێکەوتەوە، تا ساڵی ٢٠٠٦ یش ئیدارەی هەرێم یەکی نەگرتەوە، ئێستاش شوێنەواری شوومی ئەو ساڵانە، کەمو زیاد، بە جەستەی گەلی کوردستانەوە دیارە.

(٥) پێشنیاری ئەمجارەی بەستنی کۆنفرانسی هەمەلایەنەی کوردی مانا و ناوەڕۆکی گرنگتری دەبێت، چونکە لە کاتی بەستنی یەکەم جار دەبێ کە گشت حزب و گرووپ و لایەنە کوردییەکان، بە بیروڕا و ئەیدیۆلۆژیای جیاوازەوە، لەسەر خاکی کوردستان یەکدەبینین،( بڕیارە لە هەولێر ببەسترێت).

(أ) پێکهێنانی لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنفرانس بۆ دانانی بەرنامە و خشتەی کاری کۆنفرانس و پێوەندیی بەهێز و لایەنەکانی گشت هەرێمەکانی کوردستان : باکوور، باشوور، رۆژهەڵات، رۆژاوا و ئەورووپا و قارەکانی دیکە.

(ب) رەچاوی ئەوە بکەین دۆستانی عەرەب و تورك و فارس، کە لایەنگری دۆزی کوردن، ئامادەبن.. هەروەها دۆستانی کورد لە وڵاتەکانی جیهاندا، بەتایبەتی ئەو حزب و کەسایەتییانەی کە بەدرێژایی سەدەی بیستەم تا ئەمڕۆ پشتیوان و هاوکارمان بوونە.

(ج) ئامادەکاری بۆ جێگەی دانیشتن و حەوانەوەی میوانان و، ئامادەکردنی وەرگێرانی شارەزا و کەرەستە و پێداویستی باشترین گەیاندن و پەیوەندیی.

(ء) ئامادەیی ژوور و ستۆدیۆی تایبەتی میدیاکان، چونکە لەم کۆنفرانسانەدا ژمارەی زیادی پەیامنێران و کەناڵی جۆر بەجۆر حازر دەبن.

دەبێ ئەم دەرفەتە لە کیس نەدەین، تا ئاسن کە گەرمە بیکوتین، دڵنیاین کە ئەم پێشنیارە دەبێتە جێگەی پێشوازی و بایەخی گشت هۆشیار و دڵسۆزانی کوردستان.

ئیتر کاتی هاتووە خەڵکی کوردستان، پێکەوە، خەیاری ئاشتیانەی خۆیان یەکلابکەنەوە.

ئەمڕۆ لەسەردەمی پێشکەوتنی بەهای ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤین و، هەلومەرجی خەباتی سیاسی ئاشتیخوازانە هاتووتە پێش.


بەو رێبازە دروستە رەوت و ئاراستەی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە تەك رەوتی دیموکراتییانەی جیهان هاو ئاهەنگ و یەکدەخەین.

دەبا پشتیوانی پێشنیار و پرۆژەکەی سەرۆك بارزانی ببین تا وەرچەرخانێکی سەردەمیانەی زانستیانە لە ناوەڕۆکی بزاڤی نەتەوەکەماندا سەرهەڵبدات.

ئەز چاوەڕوانم خەباتی رەوای کورد رۆژ هەڵاتی ناڤین بەرەو پێش ببات و ڕەوڕەوی دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ لەم وڵاتانەدا گەشەبسێنێت.

## کوردستان و باشووری سودان:

# نەوت و جوگرافیای سیاسی



فەرید ئەسەسەرد

دوو هەفتە جارێک دەینووسێ

لەنێوان عیراق و سۆدان خاڵی هاوبەش زۆرن. گرنگترینیان ئەوەیە کەهەردوو دەوڵەت بەو سنوورەی هەیانە، زادەی هەوڵی بەریتانیان و بەم پێودانگە، نە عیراق دەوڵەتێکی نەتەوەیی لێ پێك هات نەسۆدان. یەکێ لەم دوو دەوڵەتە کەسۆدانە نزیکەی شەش مانگی تر ریفراندۆمێك لەهەرێمی باشوور بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی سیاسی رێکدەخاو پێشبینی دەکرێ باشوور لەم ریفراندۆمەدا بڕیاری جیابوونەوە بدات.

ئەو پرسیارەی زۆر لەکوردستان دەوروژێنرێت ئەوەیە کەچی وای کردوە باشووری سۆدان بەمافی بڕیاردانی چارەنووس بگاو کوردی عیراق پێی نەگەن؟

ئەوەی کەزۆرتر رێی تێدەچێ ئەوەیە کەئەم مەسەلەیە لەژێر کاریگەریی دوو فاکتەردایە کەیەکێکیان ئابوورییەو ئەوی تر جوگرافیای سیاسی. هەر بەراوردکردنێك لەنێوان رەوشی کوردستان و رەوشی باشووری سۆدان جیاوازییەکی زۆر لەنێوانیاندا نیشان دەدا.

تا ساڵی ١٩٢٧ عێراق بەیەکێ لەدەوڵەتە هەژارەکانی دنیا دەژمێردرا بەڵام پاش دۆزینەوەی نەوت لەچاڵە نەوتی باباگوڕگوڕ لەکەرکوك لەو ساڵەداو دەست کردن بە بەرهەم هێنانی نەوت بەشێوەیەکی بازرگانی لەساڵی ١٩٣٤ بەدواوە و ناردنی نەوت لەرێی هەردوو بۆریی گواستنەوەی نەوتی کەرکوك بۆ حەیفا لەفەلەستین و بۆ تەرابولس لەلوبنان، عێراق بەداهاتی زۆرو زەوەندی نەوت لەماوەیەکی کورتدا بوو بەیەکێ لەدەوڵەتە هەرە دەوڵەمەندەکان. بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەی کەچاوەڕوان دەکرا، بەقەد ئەوەی کەداهاتی نەوت بۆ عەسکەرتارکردنی عێراق بەکار هات، بەقەد ئەوە بۆ پەرەپێدانی ئابووری سوودی لێ وەرنەگیرا، بەتایبەتی لەساڵی ١٩٥٨ بەدواوە.

بەم پێودانگە، نەوت عیراقی کردە زلهێزێکی ناوچەیی و رۆڵێکی کارای لەپێوەندیی نێودەوڵەتان و ئابووریی جیهاندا پێ بەخشی. سۆدان بە بەراورد لەگەڵ عیراقدا، لەبەر ئەوەی دەوڵەتێکی نەوتی نەبوو، نەیتوانی داهاتێکی زۆر بۆ خۆچەکدارکردن تەرخان بکاو لەم سۆنگەیەشەوە وەك دەوڵەتێکی خاوەن سوپایەکی لاواز مایەوە. لەم روانگەیەوە، لەکاتێکدا کورد شەڕی دەوڵەتێکی بەهێزی کردوە، باشوری سۆدان شەڕی دەوڵەتێکی بێهێزی کردوە.

پارتی کۆنگرەی نیشتمانیی دەسەڵاتداری سۆدان بەسەرۆکایەتیی جەنراڵ عومەر بەشیر ئەگەر بەقەد حزبی بەعس داهاتی نەوتی لەبەر دەست بوایە، هەرگیز لەساڵی ٢٠٠٥دا لەنیافاشا رێککەوتننامەی ئاشتیی لەگەڵ جۆن گارانگ ئیمزا نەدەکردو هەرگیز دانی بەمافی بڕیاردانی چارەنووسی باشووردا نەدەنا. هەر دەوڵەتێکی تری بێ نەوت ئەگەر بەقەد عیراق بەجەنگی کوردستانەوە سەرقاڵ بوایە، هەرگیز یەکپارچەیی خۆی پێ نەدەپارێزرا.

فاکتەری دووەم ئەوەیە کەجوگرافیای سیاسیی باشووری سۆدان لەجوگرافیای سیاسیی کوردستان باشترە. لەکاتێکدا کوردستان وەك نیشتمانێکی نەتەوەیی، درێژبوونەوەی بۆ ناو دەوڵەتە دراوسێکان هەیە، باشووری سۆدان هیچ درێژبوونەوەیەکی بۆ ناو دەوڵەتانی دراوسێ نییەو ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کەدراوسێکانی لاریان لەجیابونەوەی نەبێ، بگرە بەپێچەوانەوە، بەشێك لەدەوڵەتانی ناوچەکە بەتایبەتی ئەسیوپیاو کینیاو ئۆگەندا وای بۆ دەچن کەجیابوونەوەی باشووری سۆدان لەبەرژەوەندییاندایەو هەموو دەوڵەتانی حەوزی نیل، سۆدان و میسری لێ دەرچێ، بەلێکترازانی سۆدان زەرەرمەند نابن و پێیان وایە ئەم جیابوونەوەیە دەبێتە مایەی پتەوکردنی هەڵوێستیان سەبارەت بەڕەت کردنەوەی رێککەوتننامەی دابەشکردنی ئاوی نیل کەساڵی ١٩٢٩ بریتانیا بەقازانجی چاندنی لۆکە لەمیسر و سۆدان بەسەر دەوڵەتانی حەوزی نیلی سەپاندوە. ئەمە بەو مانایە دێ کەدراوسێکانی سۆدان لەرۆژهەڵات و باشوور دەشێ لەجیابوونەوەی باشووری سۆدان سودمەند بن. ئەمەش بەپێچەوانەی جوگرافیای سیاسیی کوردستانە کە وای کردوە دراوسێکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان پێ لەسەر یەکپارچەیی عیراق داگرن و دژی جیابوونەوەی کوردستان بوەستنەوە.

گرنگترین خاڵ لەم بوارەدا ئەوەیە کەجیابوونەوەی باشووری سۆدان بۆ ناوچەکە مایەی نیگەرانی نییە، بەتایبەتی کەجیابوونەوەکە بەشێوەیەکی ئاشتییانەو لەچوارچێوەی یاسا لۆکاڵەکانی سۆداندا بەرێوە دەچێ.

بەپێچەوانەی مۆدێلی باشووری سۆدانەوە، جوگرافیای سیاسی هێشتا لەناوچەکەماندا بۆ بەدەست هێنانی شتێکی زۆرتر لەوەی کەکورد بەدەستی هێناوە، دەست نادا.

ئەمەش کارێکی وا دەکا بەراوردکردنی رەوشی سیاسیی کوردستان بەرەوشی سیاسیی باشوری سۆدان کارێکی زۆر گونجاو نەبێ و لەهەمان کاتدا ئەوەش دەردەخا کەهەر رەوشێك تایبەتمەندیی خۆی هەیەو مەرج نییە بوونی خاڵی لێکچوو سەرەنجامی لێکچووی لێ بکەوێتەوە.

## دۆشان سقتۆلیک بۆ گوڵان:



# لە عێراقدا دیموکراسیەتی ڕاستەقینە پیادە نەکراوە، تاوەکو کێشەی کوردیش چارەسەرنەکرێت، ڕێگە بۆ پیادەکردنی دیموکراسی لە عێراقدا تەخت نابێت

ئەگەر ڕۆژی ٢ی ئابی ١٩٩٠ کاتێك هێزەکانی عێراق هێرشیان کردە سەر دەوڵەتی کوەیت و داگیریان کرد، سەرەتایەکی نوێ بێت لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هاودەنگی نێوان یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەیەکی نێودەوڵەتی و ناچارکردنی عێراق بەکشانەوە و گێڕانەوەی سەروەریی بۆ دەوڵەتی کوەیت، ئەوا لەگەڵ ئەوەی زۆر لە چاودێران هاودەنگی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەتی پێشانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی عێراق بە سەرەتای کۆتایی شەڕی سارد لەقەڵەم دەدەن، بەڵام داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە سەرەتای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد نەبوو، بەڵکو دەشێت بڵێین دەسپێکی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو کە پێشتر بەهۆی شەڕی ساردەوە نەدەتوانرا جێبەجێ بکرێن، کەواتە ئەو ڕۆژە شەڕی سارد کۆتاییهات، کە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی (بڕیاری ٦٨٨) دەرچوو، بۆ ڕێگرتن لەوەی کورد لە ئاکامی کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ ڕووبەڕووی کارەساتێکی مرۆیی ببێتەوە، ئەم بڕیارە دوا بزمار بوو لە تابوتی شەڕی سارد درا، دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ لە ٤ی نیسانی ١٩٩١ بۆ ئێمە وەك کورد تەنیا کۆتایی ئەو شەڕە نەبوو کە پێیان دەوت شەڕی سارد و لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بە ڕووخانی کۆماری کوردستان لە کوردستانەوە دەستی پێکرد، بەڵکو ئێمە بەو جۆرە سەیری ئەو بڕیارەمان کرد، بەوەی ئەو بڕیارە کۆتایی ئەو شەڕەیە، کە دەیان ساڵە لەناو سنووری دەوڵەتە داخراوەکاندا یەخەی دەیان نەتەوەی هاوشێوەی نەتەوەی ئێمەی گرتووە، ئێمە وا سەیرمانکرد کە بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش بیرکردنەوەی نوێی جیهانە بۆ دووبارە دارشتنەوەی نەخشەیەکی تازە کە تیایدا نەتەوە مەزڵوومەکان مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەبێت، ئەو سنوورانەی کەماوەی نیو سەدە بوو دەنگی نەتەوەکانی کپکردبوو، سیستەمی نوێی جیهان ئەو دەنگە کپکراوانە زیندوو دەکاتەوە، بەڵام وا نزیکەی ٢٠ ساڵ بەسەر ئەو بڕیارە تێدەپەڕێت، بەڵام هێشتا ئەو کێشەیەی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش لە پێناودا دەرچووە چارەسەرنەکراوە، هێشتا هەرێمی کوردستان کێشەکەی لەعێراقدا چارەسەر نەکراوە، لەگەڵ ئەوەی بەپێی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ کە زیاتر لە٪٨٠ی عێراقییەکان دەنگیان بۆداوە، میکانیزمی گونجاوی بۆ ئەو کێشانە داناوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کاتێك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروشمی ئاشتی و سەقامگیری لە جیهاندا بەرزدەکاتەوە، هەست بەوە ناکات ئاشتی و سەقامگیری جیهان پێویستی بە چارەسەرکردنی ئەو کێشە ئیتنی و نەتەوەییانە هەیە کە تا ئێستا چارەسەرنەکراون و دەرهاویشتەی جیهانی دووجەمسەری و شەڕی ساردن؟ ئایا بەبێ ڕەچاوکردنی چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ ئەو کێشانە، ئاشتی و سەقامگیری لە جیهاندا بەرقەرار دەبێت؟

### چارەسەری نیوەچڵی کێشە ئیتنی و نەتەوەییەکان فتیلی ئاگری کێشەکانە بە بەردەوامی

پرۆفیسۆر ویلیام ئایەرس لە باسەکەیدا بەناونیشانی (جیابوونەوە یان پێکەوە ژیان)، کۆمەڵێك گریمانەی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەسنیشان دەکات، بەڵام ئەم گریمانانە لەسەر ئاستی تیۆری و واقیع پراکتزە دەکات و هەریەکەیان بە تێروتەسەلەیی ئاماژە پێدەکات، لەم ڕووە چوار گریمانە دەست نیشان دەکات کە بریتین لە:

- ئاستی توندوتیژی نێوان پێکهاتە پێکناکۆکەکان.
- جیاوازی هێز لەنێوان لایەنە پێکناکۆکەکاندا.
- سەرچیغی لایەنەکانی ناو کێشەکە و سەپاندنی بەهێز بەسەر بێهێزەکاندا.
- هاتنە ناوەوەی لایەنی سێیەم وەك میانگیر لەنێوان لایەنە پێکناکۆکەکاندا.

لەبەر چاوگرتنی ئەم چوارلایەنە گرنگە لەهەر کێشەیەکدا، تەوەری سەرەکی چۆنییەتی دیراسەتکردنی هەر کێشەیەکە لەسەر ئاستی تیۆری و هەروەها هەنگاو هەڵگرتنە بۆ چارەسەری کێشەکە لەسەر ئەرزی واقیع، بەڵام وێڕای ئەوەی ئەم چوار گریمانەیە هەریەکەیان بە شێوەیەك کاریگەری لەسەر سێ گریمانەکەی دیکە هەیە، بەڵام ئاستی توندوتیژی بەتەنیا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سێ گریمانەکەی دیکە هەیە، ئەمەش واتە ئەگەر ئاستی توندوتیژی نێوان گرووپە پێکناکۆکەکان لە ئاستێکی بەرزدا بێت، ئەوا ئەو کێشەیە بە جیابوونەوە نەبێت، چارەسەر ناکرێت. خۆ ئەگەر باڵانسی هێزی نێوان ئەو


داگیرکردنی
وەیت لەلایەن
اقەوە سەرەتای
اییهاتنی شەڕی
سارد نەبوو،
ەڵکو دەشێت
ڵێین دەسپێکی
جێبەجێکردنی
ەو بڕیارانەی
وەیەکگرتووەکان
کە پێشتر بەهۆی
ەڕی ساردەوە
ەتوانرا جێبەجێ
بکرێن

ێشتا هەرێمی
کوردستان
کێشەکەی
لەعێراقدا
ەسەر نەکراوە،
ەگەڵ ئەوەی
پێی دەستووری
اقی ساڵی ٢٠٠٥
زیاتر لە٪٨٠ی
عێراقییەکان
نگیان بۆداوە،
میکانیزمی
نجاوی بۆ ئەو
ێشانە داناوە

## دینیس ماکگیلشاری بۆ گوڵان:



# لە عێراقدا بە هەمان شێوەی سریلانکا کولتوورێکی دووورودرێژی دەسەڵاتی مەرکەزی توند هەیە، ئاسان نییە بیرۆکەی فیدرالیەت قبووڵ بکرێت

دوو لایەنە یان کاریگەری لایەنی سێیەم وەك میانگیر لەکێشەکەدا بەو ئاراستەیەبن، کە رێگە نەدەن ئەو نەتەوەیە جیابێتەوە، ئەوا پرۆفیسۆر ولیام ئایەرس راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کێشەکە چارەسەر نەکراوە، بەڵکو بۆ ماوەیەك سڕدەکرێت و پاشان سەرهەڵدەداتەوە، کەواتە ئەم راشکاوییەی پرۆفیسۆر ئایەرس ئەوەمان پیشاندەدا، زۆرجار کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە چارەسەری ریشەیی بەبیانووی ئەوەی ئاشتی و سەقامگیری جیهان نەکەوێتە مەترسییەوە خۆی دەدزێتەوە چارەنووسی ئیتنی یان نەتەوەیەکی دیاریکراو دەکاتە قوربانی، ئێمە سەبارەت بە کەمتەرخەمی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەماوەی ٢٠ساڵی رابردوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو جۆرە کێشانە و کێشەی کورد لەسەرووی هەموویانەوە لە پرۆفیسۆر تۆماس ئەمبرۆسۆی ئوستادی عەدالەی جنائی و زانستی سیاسەتمان لەزانکۆی نۆرس داکۆتا پرسی: پێشتر و لەسەردەمانی شەڕی سارددا،کێشە ئیتنی و نەتەوەییەکان وەك کێشەیەکی ناوخۆیی سەیر دەکرا، بەڵام لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە گۆڕانێکی گەورە بەسەر مەسەلە ئیتنی و نەتەوەییەکان هاتووە و بۆتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی، پرسیار ئەوەیە ئایا لەدوای شەڕی ساردەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاچەند ئاسانکاری کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە؟ بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی ئەم راپۆرتەی دایەوە و وتی: ((ئەمەیان پرسیارێکی زۆر لەجێیە. پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەندێ رووەوە کارێکی زۆری ئەنجامداوە، بۆ نموونە «بۆسنە»، بەڵام لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا، بەشێوەیەکی کارا و بەرچاو مامەڵەیان لەگەڵ کێشەکان نەکردووە، لەبەر هەندێ هۆکار یانیش لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ شتێکی لە دەستەڵاتدا نەبووە بیکات. هەروەها لەوانەشە هۆکارەکەی بۆ هەندێ لە ترس بگەڕێتەوە، بۆ نموونە پاش ئەو حاڵەتەی کە لە «سۆماڵ» روویدا کە بووە مایەی نەبوونی کاریگەری و دەستێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە «رواندا». کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تا رادەیەك کاریگەریی هەبووە لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، بەڵام زیاتر تەنیا چەند شوێنێکی هەڵبژاردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و هەوڵی نەداوە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کەیسەکان. لەمەش زیاتر یاسایەکی نێودەوڵەتی هەیە کە پێی دەوترێت (ئوتی پۆزیدەیتس – Uti possidetis )، بەپێی ئەم پرەنسیپەدا دەڵێت سنوورەکان لەلایەنی هێزەکانی داگیرکەرەوە دروستکراون و تەنانەت گەر نادروستیشن ئەوە پێویستە هەر وەکو خۆیان بهێڵرێنەوە و دەستیان لێنەدرێت. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەگەر بێت و دەست بکەین بە گۆڕینی سنوورەکان ئەوە هەموو سنوورەکانی دیکە دەکەونە ژێر مەترسییەوە، لەئاکامیشدا سیستەمی نێودەوڵەتی دووچاری گێلەشێواوی دەبێتەوە. هەروەکو «رۆکۆم لارچ»ی سەرکردەی پێشووی سوپای «بۆسنە- سربی» وتوویەتی: «سنوورەکان بە خوێن دەکێشرێن»، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەیەوێ رێگە لە روودانی ئەو شتە بگرێت. لەکۆتاییدا، مەسەلەکە تەنیا پەیوەستە بە کێشەکانی ئاشتی و عەدالەت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەم بارەیەوە و بەشێوەیەکی گشتی لەهەموو حاڵەتەکاندا تەحەففوزی هەبووە، بەشێوەیەك کە زیاتر جەختی کردۆتە سەر سەپاندنی ئاشتی نەك سەپاندنی دادپەروەری)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بە خەفەکردنی کێشە ئیتنی و نەتەوەییەکان لەسەردەمانی شەڕی سارد و پاراستنی سنوورەکان لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد لە پرۆفیسۆر بیڤیرلی کراوفۆد سەرۆکی بەشی دیراساتی ئەوروپیمان لە زانکۆی کالیفۆرنیا پرسی لەمبارەوە خاتوو لیڤیرلی بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە دەربڕی و وتی: ((لە سەردەمی شەڕی سارددا کێشە ئیتنی و نەتەوەییەکان خەفەدەکران، یاخود بایەخ و گرنگی پێویستیان پێنەدەدار، واتە ئەو کاتە شەڕەکان پتر لە نێوان دەوڵەتەکاندا بوون، نەك لە نێو خودی دەوڵەتەکاندا یاخود پێکهاتەیەکی نێودەوڵەتی دیاریکراو، بەڵام لە دوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت و یۆگسلافیا، کێشە و ناکۆکی کەوتە نێوان پێکهاتەکانی ئەم وڵاتانە، هۆکاری ئەم کێشانەش هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی خاکی وڵاتەکە بوو یاخود ناکۆکی بوو لەسەر ئەوەی دەبێت وڵاتەکە لە لایەن چ لایەکەوە کۆنترۆڵ بکرێت. لەم پرۆسەیەدا دەوڵەتەکان نەیانتوانی رووبەڕووی ئەم دۆخە ببنە و ئەو کاتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی لەم رووەوە بە پێویست زانی.

رووەو بریتی بوو لە رواندا کە لەو وڵاتەدا و لە ساڵی ١٩٩٤دا جینۆساید روویدا، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیتوانی رێگەی لێبگرێت و هەر بەهۆیەشەوە رووبەڕووی رەخنە بۆوە، ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نە دەسەڵات و نە ئیرادەی هەیە بۆ ئەوەی دەستێوەردان لەم دۆخانەدا بکات و هەوڵی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بدات، لەم روانگەیەوە پێشبینی درێژەکێشانی ئەو ناکۆکی و کێشانە دەکەم. بێگومان سیستمی دەوڵەتەکان رابردوویەکی دووری هەیە و لە راستیدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم رۆژگارەدا لەم سیستمە تێدەگات و هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەسەر بنەمای ئەم سیستمە بنیادنراوە، لەبەر ئەوە ئاراستەی کۆششی کۆمەڵگی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان لەمبارەوە بزانن، ئەوا گومانی تێدا نییە، ئەم لایەنانە نایانەوێت دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دروست بێت، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی گۆڕانی جوگرافیای عێراق کە وڵاتێکی دراوسێی تورکیایە، کەواتە روونە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ ناکات. ئەوا بەڵێ ئەم لایەنانە نایانەوێت دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دروست بێت، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی گۆڕانی جوگرافیای عێراق کە وڵاتێکە دراوسێی تورکیایە، کەواتە روونە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ ناکات)).

## فیدرالیزم بەبێ دیموکراتی لیبرالی سەرکەوتوو نابێت

چۆن پێکەوە ژیانی ئاشتیانە دروست دەبێت؟ سەبارەت بەم پرسانە لە پرۆفیسۆر دینیس ماکگیلڤاری ئوستادی ئەنترۆپۆلۆژی لە زانکۆی کۆلۆرادۆ و تایبەتمەند لەسەر کێشە ئیتنییەکانی ئاسیا پرسی و بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی ئەم راپۆرتەی دایەوە: ((ئەگەر باسی کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەین، ئەوا دەڵێم دۆخی کوردەکان زۆر هاوشێوەی تامیلەکانی وڵاتی سریلانکایە، لەبەر ئەوەی کوردەکانیش زمانی تایبەتی خۆیان هەیە و گروپێکی ئیتنی جیاوازیان هەیە، هەروەها رووبەڕووی هەمان ئەو فشارانە بوونەتەوە کە رووبەڕووی تامیلەکان دەبۆوە، ئەویش لە پێناو مانەوەیان لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا و هەنگاو هەڵنەگرتنیان بەرەو جیابوونەوە و سەربەخۆیی.، بەڵام ئەوەی کوردستان لە ناوچەی تامیلەکان



بە ئاقاری پاراستنی سنوورە جوگرافییەکانی ئێستادا دەڕوات، چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پتر بایەخ بە پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری دەدات و رەنگە ئەگەر لەم رووەوە پرسیاری ئەوەم لێبکەیت ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بایەخ بە عەدالەت دەدات، وەڵامی من ئەوەدەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پتر بایەخ بە پاراستنی سەقامگیری دەدات. لەبەر ئەوە پێشبینی ناکەم لەم رووەوە هیچ هەوڵێك بدات بۆ گۆڕینی ئەو سنوورانە. لەوەش زیاتر رەنگە بە چەشنێکی نامەنتیقیش پێداگیری لەسەر پاراستنیان بکات. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر ئێوە وەك کورد بەدوای دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ بەدواداچوون دەکەن و مەبەستانە بگەنە ئەوەی هەڵوێستی ئەمریکا

هەندێکجار باس لە فیدرالیزم وەك چارەسەرێك بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئیتنی و نەتەوەییەکان ئاماژەی پێدەکرێت، هەر لەم چوارچێوەیەشدا، کورد لە عێراقدا لەهەموو وتووێژ و بۆنەیەکدا پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێت عێراقی داهاتوو، عێراقیکی فیدرالی و پەرلەمانی و فرەیی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە بێت، ئەم داوایە وەك دروشمێك بۆ داهاتووی دەوڵەتی عێراق داوایەکە هەموو کێشە و گیروگرفتەکانی عێراق چارەسەر دەکات، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا چۆن بونیادی دەوڵەتێکی فیدرالی بۆ چارەسەری کێشە ئیتنی و نەتەوەییەکانی وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئایین و مەزهەبی وەك عێراق سەرکەوتوو دەبێت؟ ئایا لە وڵاتێکدا خواستی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی نەبێت

جیا دەکاتەوە ئەوەیە کوردستان پێگەیەکی ستراتیجی هەیە و خاوەنی سەرچاوەگەلێکی سروشتی گەورەیە، بە تایبەتی نەوت، لە کاتێکدا ئەمە لە ناوچەی تامیلەکاندا بەدی ناکرێت. کەواتە لێکچوونێکی سیاسی بەدی دەکەم لە نێوان هەردوو حاڵەتەکەدا، ئەوجا ئەگەر لێرەوە باسی چارەسەری فیدرالیزم بکەین وەك چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد، ئەگەر لە ئەزموونی وڵاتی هیندستان بڕوانین، ئەوا تا رادەیەکی بەرچاو ئەم وڵاتە سەرکەوتووبووە لە پیادەکردنی سیستمی فیدراڵیزمدا کە زۆربەی هەرێمەکانی مومارەسەی ئاستێکی دیاریکراو لە ئۆتۆنۆمی دەکەن، کە تا رادەیەك هەر یەکە لەم هەرێم و ناوچانەش یەکێتییەکی زمانەوانی و ئیتنیان هەیە، رەنگە

بکرێت هەمان ئەزموونیش لە عێراقدا دووبارە بکرێتەوە، کە کوردستان هەرێمی خۆی هەبێت بە هەمان شێوە شـیعە و سوننەکانیش، بەڵام ئـەوەی بە ڕێگـری و کۆسـپی دەزانم لەم ڕووەوە ئەوەیـە لە عێراقدا بە هەمان شـێوەی سریلانکا کولتوورێکی دوورودرێژی دەسەڵاتی مەرکەزی توند هەیە کە ئاسان نییە بیرۆکەی فیدراڵیت قبوڵ بکرێت لەم وڵاتانەدا. مەبەستم ئەوەیە ئایا عێراقییـەکان هەوڵی پێکهێنانی دەسـەڵاتێکی مەرکەزی دەدەن کە بوار نادات هەرێمـەکان نوێنەرایەتـی خۆیـان هەبێت و بەشـداری بکەن لە دەسەڵاتدا، یاخود کۆشش بۆ هێنانەدی ئیجماعێك دەکەن لەسەر ئەوەی دەبێت دەسـەڵات و داهاتـی وڵاتەکە بەپێی سیستمی فیدراڵی دابەش بکرێت، بە چەشنێك حکومەتە محەلییەکان هەلومەرجی گەشەکردن

وڵاتی کۆسـۆڤۆی لە یوگسـلافیای پێشوو هەیە ڕاشکاوانەتر دەست دەخاتە سەر کێشەی کورد لە عێراقدا و بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ ئەم ڕاپۆرتە خسـتە ڕوو: ((ڕەنگە ئینساف نەبێت بڵێین هەرگیز ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە لە وڵاتێکی وەك عێراقدا دیموکراسی پیادە بکرێت، لەگەڵ ئەوەشـدا دەتوانین ئەوە بخەینەڕوو کە هێشتا دیموکراسـیەتی ڕاستەقینە لە عێراقدا پیـادە نەکراوە و باوەڕم وایە تاوەکو کێشـەی کوردیش لەو وڵاتەدا چارەسـەرنەکرێت، ئەوا ڕێگە بۆ پیادەکردنی دیموکراسی تەخت نابێت. کەواتـە ئەگەر فیدراڵیزم هاوشـان نەبێت بە دیموکراسی، ئەوا کارانابێت لەچارەسەرکردنی کێشـەکاندا، لەوەش زیاتر، ڕەنگە هەندێ جار فیدراڵیزم ببێتە پاسـاوێك یاخود چەترێك بۆ سیسـتمێکی تۆتالیتاری، بۆ نموونە یەکێتی

دیکەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مەترسی هەیە لە گۆڕین و دەسـتکاریکردنی سنوورەکان، بە تایبەتی سنووری عێراق، چونکە ئەمە دەبێتە مایەی دروستبوونی مەترسـییەکی ئەمنی گەورە لە ناوچەکەدا، بـەڵام دەکرێت هەوڵی پاراسـتنی کوردەکان بدرێت لە چوارچێوەی عێراقدا، بـۆ نموونە هەوڵبدرێـت کوردەکان بـەردەوام بن لەسـەر مومارەسـەکردنی ئەو ئۆتۆنۆمیەی کە لـە هەرێمەکەیاندا پیادەی دەکەن. ئەمە لەزۆر شوێنی دیکەش بەهەمان شـێوەیەو دەکرێت، بڵێین ڕێسـای گشـتی گەمەکەیـە، بـۆ نموونە بڕوانن کە هێشـتا ڕۆژئاوا هیچ هەوڵێکی جددی نەخستۆتەگەڕ بۆ هێنانەدی ئاشـتەوایی لە نێوان ئەلبانی و سـربەکاندا، لەلایەکی دیکـەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی لەم ڕووەوە

ڕوونە کە
کۆمەڵگەی
نێودەوڵەتی
پشتگیری ل
دروستبوون
دەوڵەتێکی کو
سەربەخۆ ناک
چونکە دەبێتە
گۆڕانی جوگراف
عێراق کە وڵات
دراوسێی تورک



ئەگەر لە
ئەزموونی
وڵاتی هیندس
بڕوانین، ئەم و
سەرکەوتووبو
لە پیادەکردن
سیستمی
فیدراڵیزمد
کە زۆربەی
هەرێمەکانی
مومارەسەی
ئاستێکی دیاری
لە ئۆتۆنۆم
دەکەن

و پەرەپێدانـی دامەزراوەکانی خۆیان هەبێت، ئەمەش کار و ئەرکێکی زەحمەتە لە وڵاتێکی وەك عێراقدا کـە ڕۆژگارێکـی دوورودرێژ لە ژێـر دەسـەڵاتی مەرکەزیەتێکی توند و دیکتاتۆریەتـدا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا دەبێت ئەم چارەسـەرە سیاسـییە هەڵقوڵاوی هەلومەرجی ناوخۆیی وڵاتەکە بێت و ناکرێت لەدەرەوەڕا بەسەر عێراقدا بسەپێنرێت)).

ئەوەی پرۆفیسـۆر ماکگیلڤـاری ئاماژەی پێکرد، سـڕینەوەی ئاسـەواری دەسـەڵاتی سـەنترالیزمە لە هزری سیاسەکانی عێراقدا، سـڕینەوەی ئەم هزرەش بە کارێکی ئاسـان نازانێت، هەربۆیە پرۆفیسۆر دۆشان سڤیتۆلیك سەرۆکی سەنتەری کۆسـۆڤۆ بۆ دیراساتی زانستی کۆمەڵایەتی لەبەر ئەوەی ئەزموونی

سۆڤیەتی پێشو فیدراڵیزمی کردبووە بیانویەك بۆ باڵادەستی ڕووسەکان. ..ئەوجا لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر تایبەتمەندی کێشەی کورد، ئەوا دەکرێت بڵێن کێشەی کوردەکان تەنیا کێشە نییـە لە ناوچەکەدا، لەگەڵ ئەوەشـدا، ئێمە دەتوانین ئاماژە بە چەند هۆکارێك بکەین بۆ چارەسەرنەبوونی ئەم کێشەیە، یەکەمیان بریتییە لە دابەشبوونی کوردەکان بەسەر چەند وڵاتێکدا، کە هێزە گەورەکانیش، جا یەکێتی سـۆڤیەتی پێشـوو بێت، یاخود وڵاتە یەکگرتووەکان یان بەریتانیا هەوڵیانداوە کـوردەکان وەك کارتێك بەکاربهێنن، بۆ نموونـە ئەمریکا خوازیارە لە ڕێی گەمەکردن بە کێشـەی کوردەوە جڵەوی چارەنووسی عێراق بکات لە بری ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بدات. لە لایەکی

پێوەری جیـاواز پیـادە دەکات، یاخود بڵێین ئیزدواجیانـە ڕەفتار دەکات، بۆ نموونە ئەگەر گرووپێکی ئیتنـی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ هێزێکی جیهانی گـەورەدا یەکبگرێتەوە ئەوا براوە دەبێت، بـەڵام ئەگەر نەبێتە ئەولەویەتی ئەو هێزە گەورانە بە تایبەتی جیهانی ڕۆژئاوا، ئەوا چارەنووسـی شکسـت دەبێت. هەروەها ڕەنگە یەکێك لـە هۆکارەکانی دیکە ئەوەبێت کە هێشـتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەیی تێدانییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا، بۆ نموونە ئەو وڵاتانەی پێشـتر لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی کۆمۆنیستیدا بوون، ئێستا بە قۆناغی ئینتیقالیدا دەڕۆن و بازاڕی کراوە و بەدیموکراتیکردن و سیستمی فرەحزبیان قبووڵە، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە بە

ئەمریکا خوازی
لە ڕێی گەمەکر
بە کێشەی کورد
جڵەوی چارەنوو
عێراق بکات ل
بری ئەوەی هە
چارەسەرکردنی
کێشەیە بدا

**بڤیرلی کراوفۆرد بۆ گوڵان:**



# دیموکراسی بوون و فیدراڵیزم بە تەنیا بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان بەس نین

چەشنی وڵاتە دیموکراسییەکان ئەم بنەمایانە بچەسپێنن. لە لایەکی دیکەوە فەلسەفەی ڕێکخراو و دەزگا نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئیدارەدانی قەیران و ناکۆکییەکان بنیادنراوە، واتە ئامانجەکە بریتییە لە بەڕێوەبردنی ئەو قەیرانانە بە چەشنێك کە نەبنە مایەی مەترسی بۆ سەقامگیری، واتە ئامانجەکە بریتی نییە لە کۆتاییهێنان و یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکە، بەڵکو ڕووبەڕووبوونەوەیەتی بۆ ئەوەی کەمتر مایەی مەترسی بن)).

هەموو ئەو پرۆفیسۆرانەی بەشداری ئەم ڕاپۆرتەیان لەگەڵدا کردووین، بێجگە لە فاکتەرە نێودەوڵەتی و ئیقلیمیەکان جەخت لەسەر فاکتەری دیموکراتی بۆ سەرکەوتنی دیموکراتی لەعێراقدا دەکەنەوە، وەك پرۆفیسۆر دۆشان سڤیتۆلیکیش ئاماژەی بەدەوڵەتانی پۆست کۆمونیست کرد بەوەی لە قۆناغی ئینتیقالیدان بۆ دیموکراتی، ئێستا هەرێمی کوردستانیش لەعێراقدا بەهەمان قۆناغدا تێدەپەڕێت و هەنگاوی باشی لەم بوارەدا بڕیوە، بەڵام پرسیاری ئێمە لە پرۆفیسۆر ئەمبرۆسۆی ئەوەبوو، ئایا ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر بونیادی دیموکراتی لەعێراق دەبێت و سەرەنجامیش دەبێتە هۆکارێك بۆ سەرخستنی فیدرالیزم لە عێراقدا؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پرۆفیسۆر ئەمبرۆسۆی بەمجۆرە ڕای خۆی ڕاشکاوانە بۆ ئەم ڕاپۆرتە خستە ڕوو: ((سەبارەت بە عێراق، پێویستە دیموکراسییەتێك بخوڵقێندرێت بەشێوەیەك کە هەموو لایەن و تاکەکانی کۆمەڵگەی عێراقی پابەندی بن. هەروەها دەکرێ لە هەرێمی کوردستاندا پرۆسەیەکی دیموکراسیی بەهێز و پتەو بونیاد بنرێت و هەوڵ بدرێت بۆئەوەی ئەم شەپۆلە دیموکراسییە پارچەکانی دیکەی عێراقیش بگرێتەوە. ئەویش وەدی دەهێنرێت لە ڕێگەی پابەندبوون بە بەها دیموکراسییەکان و چەمکەکانی پێکەوەژیان، ئەو کات هەڵبەتە هزری دیموکراسی بڵاودەکاتەوە و تەواوی عێراق دەگرێتەوە. لەوانەیە بۆ ئەمڕۆمان دەرفەتەکانی بەردەم کوردەکان گونجاو و لەبار نەبن، بەڵام لەوە دڵنیام کە زۆر شت لەتوانای کوردەکاندا هەیە ئەنجامی بدەن لەپێناوی هاوکاریکردن و یارمەتیدانی پارچەکانی دیکەی عێراق و وڵاتەکە پێش بخەن و پەرەی پێبدەن. لەکۆتاییدا هەموو مەسەلەکە تەنیا پەیوەستە بە پەیڕەوکردنی چەمکەکانی دیموکراسییەت و قبووڵکردنی کەسانی بەرامبەر. لەبەرئەوەی بەپێچەوانەوە، دیموکراسییەت سەرکەوتوو نابێت. ئەوەش کرۆکی هەر وڵاتێکی دیموکراسییە لە جیهان، کە بریتییە لە بونیادنانی هزرەکانی پێکەوەژیان و قبووڵکردنی کەسانی بەرامبەر و ڕێزنواندن. لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەهەرێمی کوردستان گرنگترین شت ئەوەیە کە پێویستە لەسەر هەردوو لە پارتە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ئامادەباشییان تێدا هەبێت بۆ چاندن و بەهێزکردنی پێگەی ئۆپۆزسیۆن و بەهاکانی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها ئەگەر کوردستان دەیەوێ دیموکراسییەت لە عێراق-دا بونیاد بنرێت، پێویستە سەرەتا لە هەرێمەکەیەوە دەست بە بونیادنانی بکات.

هاوکات هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە کوردستان دیموکراتیترین شوێنە، نەك تەنیا لەسەر ئاستی عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی تەواوی ناوچەکە، تەنانەت تا ڕاددەیەك لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیموکراتیترە، بەڵام وێڕای ئەو ڕاستییانەش، پێویستە تەحەممول و قبووڵکردنی هەبێت بۆ بوونی ئۆپۆزسیۆن. هەر بۆیە، باشترین ڕێگەچارە بۆ بونیادنانی دیموکراسییەت لە عێراق پەیوەستە بە بونیادنانی دیموکراسییەت لە کوردستان و پێویستە لە ماڵی خۆتانەوە دەست بەو پڕۆسەیە بکەن. لە عێراقدا مەسەلەی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان مەسەلەیەکی ئەستەمە و کارێکی ئاسان نییە، ئەنجامدانی ئەمکارە زۆر زەحمەتە و یەکێکە لە ئەرکە ئەستەمەکان. لەبەرئەوەی هەر کاتێك کە بێینە سەر باسی وڵاتەکان و پرسەکانی نیشتمانی، هەمیشە مەسەلەکان پەیوەستداردەبن بە کێشەکانی خاوەندێتی: «کە ئایا وڵاتەکە ببێت بە موڵکی کێ؟» بۆ نموونە لە حاڵەتەکەی عێراقدا، عەرەبە شیعەکانی باشوور جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە دەسەڵاتەکان لە دەستیان و بێت و ئەوان حکومڕانیی وڵاتەکە بکەن لەبەرئەوەی ئەوان زۆرینەی پێکهاتەکانی عێراق-ن. هەر بۆیە ئەنجامدانی ئەو کارە زۆر زەحمەتە و بە بۆچوونی من باشترین ڕێگەچارە بۆ پەیڕەوکردنی، بریتییە لە سەربەخۆییەکی چڕ. لەبەرئەوەی چەمکی «مافی دەستنیشانکردنی چارەنووس» بەرێژەی ١٠٠٪ پێوەندیی بە سەربەخۆییەوە نەبووە، لە چەندین وڵاتدا ئەم چەمکە پەیوەست بووە بە دیموکراسییەت و پاراستنی ناوخۆیی.

کۆمەڵگەی
نێودەوڵەتی
واجیانە ڕەفتار
ەکات، ئەگەر
ووپێکی ئیتنی
ژەوەندییەکانی
ەگەڵ هێزێکی
یهانی گەورەدا
بگرێتەوە ئەوا
براوە دەبێت

رێ لە هەرێمی
کوردستاندا
پرۆسەیەکی
وکراسیی بەهێز
پتەو بونیاد
نرێت و هەوڵ
رێت بۆئەوەی
ئەم شەپۆلە
یموکراسییە
چەکانی دیکەی
اقیش بگرێتەوە

## تۆماس ئەمبرۆسۆی بۆ گوڵان:



# بەبێ دیموکراسییەت فیدراڵیزم دروست نابێت
# هیچ وڵاتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە نییە کە دیموکراسی نەبێت

هەر بۆیە پێیوایە کە ئەوە باشترین ڕێگەچارەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. لەبەرئەوەی هەروەکو پێشتریش باسمکرد کە گۆڕینی سنوورەکان مایەی دروستبوونی گرفتە و هەرگیز پشتگیریی لێناکرێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەرگیز لەگەڵ ئەو رایە نییە، تەنیا لە چەند حاڵەتێکی تایبەتدا نەبێت وەکو حاڵەتەکەی «کۆسۆڤۆ»، بەڕای من ئەو بارە لەبری ئەوەی کێشەکان چارەسەربکات زیاتر کێشە و گرفتی دروستکرد، وەکو ئەو ڕووداوەی کە لە «جۆرجیا» ڕوویدا لەساڵی ٢٠٠٨. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چارەسەری فیدرالی لەعێراقدا، ئەوا دیسان دووپاتی دەکەمەوە، بەبێ دیموکراسییەت فیدراڵیزم دروست نابێت. هیچ وڵاتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە نییە کە دیموکراسی نەبێت. سەبارەت بە کوردستان، ئەمەیان حاڵەتێکی هاوسەنگە و دەبینین کوردەکان وڵاتێکیان بۆ خۆیان بونیادناوە و هەوڵ دەدەن لەپێناوی پتەوکردن و بەهێزکردنی ناوچەکەیان. ئەوەش ڕێگەچارەیەکە بۆ ئەوەی گرووپە ئتنییەکانی دیکە دانی پێ بنێن و دژایەتیی نەکەن. لەلایەنێکی دیکەوە و سەبارەت بە پرۆسەی دیموکراسی لە عێراقیشدا، بێگومان هێشتا لە عێراق کولتووری دیموکراسی نییە، بەڵام ئەگەرێك هەیە کە ڕۆژێك بێت و ئەو کولتوورە لە عێراق-دا بونیادبنرێت)).

بەڵام خاتوو بیرڤلی تەنیا دیموکراتی بوون و فیدرالیزم بە چارەسەرکردنی کێشە ئیتنی و نەتەوەییەکان نازانێت و جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە زۆر فیدرالیزم شکست دێنێت و ناتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات، سەبارەت بەم پرسە و لەوەڵامی ئەم ڕاپۆرتە پێی ڕاگەیاندین: ((ئەمە قورسترین پرسیارێکە کە ڕووبەڕووم بکرێتەوە، ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، ئەوا ئەسڵی کێشە و ناکۆکیە ئیتنییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر یەکە لە پێکهاتە ئیتنییە جیاوازەکان هەوڵیداوە سنوورێکی جوگرافی بۆخۆی دروست بکات و تێیدا مومارەسەی ئۆتۆنۆمی بکات. هەروەها ئەگەر ئێمە بۆ دۆخی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕوانین ئەوا ئەو ڕاستییە بەدی دەکەین کە لەم وڵاتەدا هەوڵ دەدرێت لە ڕێی یاساوە مافی گرووپە ئیتنییەکان بپارێزرێت، ئەویش بەهۆی زامنکردنی مامەڵەکردنی یەکسان و دادپەروەرانە لەگەڵ ئەم پێکهات و گرووپە ئیتنییە جیاوازانەدا، بەڵام بە داخەوە ئەوەی لە وڵاتانی دیکە بەدی دەکرێت پێچەوانەی ئەم حاڵەتەیە، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە لە مێژووی سەدەی بیست بڕوانین، ئەوا هەر لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە ئەم کێشە و ناکۆکیانە درێژەیان هەبووە تاوەکو دوای جەنگی جیهانی دووەمیش کە گەورەترین پاکتاوی ئیتنی ڕوویدا لەو سەردەمەدا و هەر ئەمەش هۆکاری دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو، چونکە جولەکەکان هەوڵیاندا خاکێکی تایبەت بەخۆیان هەبێت، کە لەم ڕووەوە هەڵسان بە دەرکردنی فەلەستینییەکانیش. کەواتە لەم ڕووەوە هیچ چارەسەرێك بەدی ناکەم جگە لە پێدانی مافی جیابوونەوە یاخود بەخشینی ئۆتۆنۆمی، سەبارەت بە ئەزموونی فیدرالیەتیش ئەگەر ئێمە لە ئەزموونی وڵاتی یوگسلافیا بڕوانین، ئەوا ئەزموونی شکستهێنانی وڵاتێك بەدی دەکەین کە فیدراڵی بوو، لە هەمان کاتدا وڵاتێکی وەك بەلجیکا لە ئارادایە کە لەسەر بنەمای دابەشبوونی ئیتنی فیدراڵیزم پیادە دەکات، مەبەستم ئەوەیە فیدراڵیزم و تەنانەت دیموکراسیش بەس نین و زامنی پاراستنی مافەکان نین، بۆ نموونە دەکرێت لە دیموکراسیدا زۆرینە دەنگ بۆ سەرکوتکردنی کەمینە بدات. لەم ڕووەوە دەکرێت ئاماژە بە ئەزموونی سەرکەوتووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین کە سیستمی فیدراڵیزم پیادە دەکات، بەڵام ئەم سیستمە لەسەر بنەمای دابەشبوونی تائیفی بنیات نەنراوە. کەواتە دیموکراسی بوون و فیدراڵیزم بە تەنیا بەس نین، بەڵکو پێویستە هەوڵی چەسپاندنی دیموکراسی لیبراڵی بدرێت کە پاراستنی مافی کەمینەکان و سەروەریی یاسا لە خۆدەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر پێکهات و گروپە ئیتنییەکانی وڵاتێك ئیرادە و خواستی پێکەوەژیانیان نەبێت، ئەوا ناکرێت هیچ یەکێك لەم سیستمانە سەرکەوتن بەدەست بهێنن)).

ئەمەی لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتە دەکرێت ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە هەنگاوەکانی بونیادی دیموکراتی لەهەرێمی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر ئومێدی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە عێراق و ناوچەکە دێنێتە ئاراوە و زەمینەیەکی ئەوتۆ لەعێراق و ناوچەکە دەخولقێنێ کە بتوانرێت زمانی چەك و هەڕەشە بگۆڕدرێت بۆ زمانی ئاشتی و پێکەوە ژیان و لێبوردەیی و سەرەنجامیش پەسەندکردنی فیدرالیزم وەك ڕێگە چارەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئیتنی و نەتەوەییەکان لە عێراق و ناوچەکەدا.

# کورد لەنێوان
# کێشمەکێشی سونەو شیعەدا




**بەغدا-سامی شۆڕش**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە**


رۆژی ١٣ی تەمموز پەرلەمانی عێراق بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی زۆر پرسی گرنگ دانیشتنێکی ئەنجامدا، لەم دانیشتنەدا وا چاوەڕواندەکرا فراکسیۆنە عێراقییەکان بتوانن لەسەر مەسەلەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بگەنە ڕێکەوتنێك و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرێت، بەڵام وەك هەموو لایەك ئاگادارن ئەم پرسە یەکلایی نەکرایەوە و بۆماوەی دووهەفتە کۆبوونەوەکەی پەرلەمان بەکراوەیی هێڵرایەوە، دوای ئەم دوو هەفتەیە جارێکی دیکە پەرلەمان دانیشتەوە، بەڵام ئەمجارەش نەگەیشتینە هیچ ڕێکەوتنێك. بۆیە بڕیاردرا هەتا کاتێکی نادیار دانیشتنەکەی پەرلەمان بەکراوەیی بهێڵرێتەوە و حکومەتی ئێستای عێراقیش بەحکومەتی کار راییکار (حکومەتی تەسریفی ئەعمال) وەسف بکرێت، بێگومان ئەم بڕیارە لەگەڵ ئەوەی بڕیارێکی ناچاری بوو، بەڵام لەهەمانکاتدا بڕیارێکی باشیش بوو، توانی پەرلەمان لەو تەنگژە ئاڵۆزە دەرباز بکات و بوارێکی زیاتر بدرێتە کوتلە سیاسییەکان تا بتوانن چارەسەری کێشەکانی خۆیان بکەن، سەبارەت بە وەسفکردنی حکومەتی ئێستاش بە حکومەتی کار راییکردن، دیارە لە یەکەم دانیشتنی کردنەوەی پەرلەمان هیچ یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمان سوێندیان نەخوارد، بۆیە حکومەت نەبووە حکومەتی کار راییکار، بەڵام ئەمجارەیان پەرلەمان هەوڵێکی دیکەی دا بۆ ئەوەی بە کردەوە حکومەتەکەی مالیکی بە حکومەتی کار راییکار بناسێنێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی کەمبکرێتەوە و بڕیارەکانی سنووردار بکات و ڕێگەی پێنەدا هەموو پڕۆژە و ڕێکەوتننامەیەك ئیمزا بکات، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ناچاری بکرێت حکومەتەکە هەڵبوەشێتەوە و حکومەتی تازە پێك بهێنرێت، لە بەرامبەردا دەوڵەتی یاسا بەم بڕیارە قایل نەبوون، بەڵام لە بنەڕەتدا بڕیارەکەی پەرلەمان ئەوە نییە کە حکومەتەکە بکا بە حکومەتی کار راییکار، بەڵکو بە ئاشکرا دەڵێ وەسفی ئەم حکومەتە دەکەین بە حکومەتی کار راییکار.

ئەوەی ئاماژەم پێکرد نیشانەی ئەوەیە بارودۆخی سیاسی عێراق زۆر ئاڵۆز بووە و سەرجەم فراکسیۆنە عێراقییەکان لەسەر چارەسەرکردنی کێشە گرنگەکانی ئێستای عێراق ڕێکنەکەوتوون، ئەمەش هۆکارێکە بۆ دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و زەمینەشی خۆشکردووە بۆ دەستێوەردانی نێودەوڵەتی لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا، هەروەها کۆبوونەوە دوو لایەنەکانی نێوان کوتلە عێراقییەکانیش بە ئاکامێکی باش نەگەیشتوون، چونکە خۆیان لە گرێ کوێرەی دیاریکردنی سەرۆك وەزیران رزگار نەکردووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لەو کۆبوونەوانەدا جەخت لەسەرئەوە دەکرێتەوە کە کێشەکان زوو چارەسەر بکرێن و هەموویان پابەندی خۆیان بە دەستوورەوە رادەگەیەنن، بەڵام کاتێك مەسەلەکە دەگاتە قۆناغی جێبەجێکردن هەموو لایەنەکان لە بەڵێنەکانی خۆیان پاشگەز دەبنەوە. هەر بۆیە پێموایە بارودۆخی سیاسی عێراق گەیشتۆتە ئاستی چەق بەستن و بەم زووانەش چارەسەر ناکرێ، گەرچی وا بڕیارە لە چواری ئاب، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەبارەت بە کێشەی عێراق کۆببێتەوە و لەو کۆبوونەوەدا باس لە کێشەی دامەزراندنی حکومەتی عێراقیش دەکرێت، دواتریش بڕیارە لە ٨/٣١ دەست بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بکرێت، هەربۆیە ئەم حاڵەتی چەقبەستنەی پرۆسە سیاسییەکە پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ هەردوو رووداوەکەی مانگی ئاب دەبێت، ئەگەر هاتوو عێراقییەکان نەیانتوانی تا ٨/٤ کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، ئەوا بوار دەدەنە ئەنجومەنی ئاسایش لەلایەك و ئەمریکا لەلایەك و ئێران و دەوڵەتانی ناوچەکەش لەلایەکی دیکە دەست لەناو کاروباری ناوخۆی عێراق وەربدەن، بەتایبەتیش کە بارودۆخی ئاسایشی عێراق زۆر ناسك و ئاڵۆزە و هەتا ئێستاش عێراق لە ژێر بەندی حەوتەمی پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە، هەروەها باری ئاسایش و سەقامگیری عێراق دەڵەمەیە هەموو کات بەمەترسی دووبارە ئاڵۆزبوونەوەی باردۆخەکە لەئارادایە، بۆیە زۆر زەحمەتە لەبارودۆخی وادا


جۆرە گەشبینیەك بێتە ئاراوە کە ئاماژە بێت بۆ ئەوەی لەماوەی مانگێکدا ئەم هەموو تەنگژانە چارەسەر بکرێن، ئەمە لە کاتێکدا چاوەڕێی ئەوەش دەکرێت ئەمریکا گوشاری زیاتر بەکار بهێنێت بۆ کردنەوەی گرێکوێرەکان، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی یەکلایی کردنەوەی کاندیدی سەرۆك وەزیران بۆچی بۆتە گرێکوێرەی پرۆسەی سیاسیی لەعێراقدا؟ بۆ وەڵامی ئەمە گرنگە ئاماژە بەو ئاستەنگ و بەربەستانە بکەین کە لە بەردەم دەستنیشانکردنی کاندیی سەرۆك وەزیراندا لەنێوان پێکهاتەی شیعە و سوننەی عەرەب لە عێراق دروستبووە و بوونی هەیە، راستە ئەمە جۆرێکە لە دیاردەی بێمتمانەیی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، بەڵام ئەم بێمتمانەییە دەرهاوێشتەی ٨٠-٩٠ساڵی رابردووە کە دەوڵەتی عێراق لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوو دامەزرا و هەموو دەرامەت و دەسەڵاتەکانی ئەم دەوڵەتە تازەیە درایە دەست یەك پێکهاتەی مەزهەبی کە ئەویش عەرەبی سوننە بوو، بۆیە شیعەکان هەست بە زوڵم و چەوسانەوەیەکی مێژوویی دەکەن، تەنانەت کاتێك عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لە دیکتاتۆریەت رزگاری بوو و تروسکایی ئاسۆیەك دەرکەوت بۆ بنیادنانی دیموکراسیەت، بێمتمانەیی نێوان شیعە و سوننەی عەرەب بووە ئاستەنگی گەورەی بەردەم دامەزراندنی دیموکراسییەت لە عێراقی نوێدا، هەر نەبوونی ئەم متمانەیەش بووە هۆکاری ئەوەی بارودۆخەکەش زیاتر ئاڵۆز بێت و هەڕەشەی شەڕی ناوخۆ هاتە ئاراوە و رێکخراوە تیرۆریستیەکانیش کەلێن و پانتاییەکی فراوانیان لەنێوان ئەو بێمتمانەییە دۆزییەوە و پلانە تیرۆریستییەکانی خۆیان بەشێوەیەکی توندوتیژتر ئەنجامدا و زیانێکی گەورەشیان بە خەڵکی سڤیلی عێراق گەیاند، تێکچوونی ئەم بارودۆخەش هاوکات بوو لەگەڵ دەستێوەردانی نێودەوڵەتی و هێنانی فشار و پاڵەپەستۆی زیاتر بۆ سەر کوتلە سیاسییەکان.

هەروەها هەندێك لە دەوڵەتانیش، ئامانجی فشار و دەستێوەردانیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نابێت کوتلەیەکی سیاسی تەنازول لە دامەزراندنی حکومەت بکات نەوەك سوننەی عەرەب یان بەعسییەکان لەرێگەی ئەو تەنازولەوە بۆ هەتا هەتایە لەدەسەڵات دووربکەونەوە، ئەمەش واتە بێمتمانەیی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەشی لەسەر بنەمای ئەو کێشە ئیتنی و نەتەوەییانە گرتۆتەوە، کە لە ناوخۆی عێراقدا رەنگی داوەتەوە، بەم شێوەیە بێمتمانەیی لەنێو خودی کوتلە سیاسییەکانی عێراق لەلایەك و وڵاتانی ناوچەکە لە لایەکی دیکەوە، بوونەتە ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم دامەزراندنی حکومەتی تازەی عێراق.

لێرەوە ئەگەر ئاماژە بە چانسی نێوان عەلاوی و مالیکی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیران بکەین و بپرسین ئایا چانسی کامیان زیاترە؟ بێگومان هێشتا نادیارە و هەردوولایان چانسیان وەکو یەکە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەلایەك کوتلە شیعییەکان لەناوخۆیاندا تەبا نین، بەو جۆرەی بتوانن رێگە خۆش بکەن لەبەردەم دامەزراندنی یەك کوتلەی پەرلەمانی گەورە کە بتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، لەلایەکی دیکەوە لیستی ئەلعیراقییە ئەوانیش ناتوانن کوتلەیەکی گەورە لەناو پەرلەمان پێك بهێنن، چونکە چەند کوتلەیەکی سوننە لە نێو شیعەدا هاوپەیمانی نیشتمانییان راگەیاندووە کە بووەتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەلعیراقییە بۆ دامەزراندنی حکومەت.

بە کورتی شیعە لە پارچە پارچەییدا دەژین و سوننەش کە کەمترن لە شیعە لە بارودۆخێکی باشدا نین و ناتوانن لە ناو پەرلەمان ١٦٣ کورسی مسۆگەر بکەن، یەکێك لە بەربەستەکانی بەردەم مالیکی ئەوەیە کە لە ماوەی ٤ ساڵی حوکمرانی خۆیدا پێوەندییەکی رێکوپێکی لەگەڵ رەوتی سەدر و سەدرییەکاندا نەبووە و بارودۆخەکەش لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لەدۆخێکی باشتردا نەبووە، بۆیە هەردوو دەسەڵات ترسی ئەوەیان هەیە لەکاتی ئەگەری وەرگرتنەوەی دەسەڵات لەلایەن مالیکییەوە زەبرێکی کاریگەریان لێ بوەشێنێت و کار و چالاکییان سنووردار بکات، شیعەکان لەناوخۆیاندا هەر یەکەو باکگراوندی ئایینی و نەتەوەیی و عروبە و تێکەڵیان هەیە، هەندێکیان پێوەندییان لەگەڵ سوریا هەیە و هەندێکی تریان کاریگەری ئێرانیان بەسەرەوە دیارە.

ئەوەی لەم هاوکێشەدا دەمێنێتەوە رۆڵی کوتلە کوردییەکانە لەناو فراکسیۆنی کوردستانیدا، لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، فراکسیۆنی کوردستانی ئەو رەوتەی گرتۆتە بەر کە خۆی نەخزێنێتە ناو ئەم گێژاوەی ناکۆکییەکان، ئەمەش لەو روانگەیەوە فراکسیۆنی کوردستانی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی لیستە عێراقییەکان لەسەر ناوی کاندیدی سەرۆك وەزیران شەڕ دەکەن نەك لەسەر بەرنامەی حکومەتی داهاتوو، ئەمەش واتە لەسەر دەسەڵات شەڕیانە نەك لەسەر خزمەتکردنی گەلی عێراق، بۆیە چوونە ناو ئەو گۆڕەپانە ئاڵۆزەوە زیانێکی گەورە بە کورد دەگەیەنێت، گەرچی هەندێك لەلایەنە عەرەبییەکان کورد بەوە تۆمەتبار دەکەن کە تەنیا رۆڵی تەماشاکاریان هەیە، بەڵام بۆ ئەمجارەش وا باشە فراکسیۆنی کوردستانی رۆڵە مێژووییەکەی خۆی بپارێزێت و ببێتەوە بە پردی بەیەك گەیاندنی پێکهاتە عێراقییەکان هەروەك چۆن لە پێش رووخاندنی رژێمی سەددام حوسێن-یشدا، رۆڵی نزیککردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی عێراقی گێڕاوە و رۆڵی هەبوو لە نووسینەوەی دەستوور و رێگە گرتن لە هەڵگیرسانی شەڕی مەزهەبی لەنێوان سونە و شیعەی عێراقدا. هەر بۆیە وای دەبینم لایەنی کوردستانی هەڵەیەکی گەورە دەکات ئەگەر خۆی بخزێنێتە ناو ئەو کێشمەکێشەوە، چونکە لە کۆتاییدا ئەو کوتلانە هەر دەبێ پێك بێن، ئەوسا فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەتوانن لەگەڵ هەموویاندا کار بکەن بەو ئاراستەیەی مافە دەستوورییەکانی کورد بەدی بهێنرێن.



# له پرۆسەی پێکهێنانی
# عێراقییەکان بێ ئومێدبوون و لەچـــــ




گولان
ژمارە (٧٩٢)
٢٠١٠/٨/٢



# حکومەتی عێراقدا
# ـــاوەڕوانی هاوکاری نێودەوڵەتیدان

سیاسی
گوڵان
ژمارە (٧٩٢)
٢٠١٠/٨/٢

**ئەو نەریتەی ئەمڕۆ لە عێراقدا دەبینرێت، لەهەموو جیهاندا بوونی نییە، نەبووە پەرلەمان دانیشتنی کراوەی بۆ کاتێکی نادیار هەبێت**

دوای تێپەڕبوونی دووهەفتە بەسەر یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی عێراق کە لە ڕۆژی ٢٠١٠/٧/١٣ گرێدراو تیایدا تەنیا بەتەمەنترین ئەندام کە د.فوئاد مەعسوم بوو بۆ سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرا، بەبێ ئەوەی پەرلەمانتاران سوێندی یاسایی بخۆن دانیشتنەکە بۆ ماوەی دوو هەفتە بەکراوەیی هێڵرایەوە بە ئامانجی ئەوەی لەماوەی ئەو دوو هەفتەیە لایەنە عێراقییەکان بگەنە ڕێککەوتن و سێ پۆستە سەرۆکایەتیەکە (سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی وەزیران) یەکلایی بکەنەوە، بەڵام لەرۆژی ٢٠١٠/٧/٢٧ و دوای تەواوبوونی ئەو ماوە دەستوورییە، عێراقییەکان نەیانتوانی بگەنە هیچ ڕێککەوتنێك و بۆیە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٢٧ بەم دوو بڕیارە کۆتایی هات:

**درێژەپێدانی زیاتر بە دانیشتنی کراوە زیانێکی زۆری لێ دەکەوێتەوە و کاردانەوەی نێگەتیڤانەی لەسەر پرۆسەی سیاسی دەبێت**

١- هێشتنەوەی دانیشتنی پەرلەمان بەکراوەیی بۆ کاتێکی نادیار، ئەمەش مانای ئەوەیە ناتوانرێت هیچ کاتێکی دیاریکراو بۆ لایەنە عێراقییەکان دابنێن بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن، هەروەها نیشانەی ئەوەیە هیچ ئاسۆیەك بۆ ڕێککەوتن لە نێوان هەرسێ لیستی دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافی نیشتمانی و لیستی ئەلعێراقیە نییە بۆ ئەوەی کێشەی کاندیدکردنی سەرۆك وەزیران یەکلایی بکەنەوە.

٢- وەسفکردنی حکومەتی ئێستای عێراق، بەحکومەتی کار ڕاییکار (تەسریفی ئەعمال)، بێگومان وەسفکردن لەگەڵ بڕیاردان لەسەر ئەوەی حکومەتی ئێستای د.مالیکی حکومەتی کار ڕاییکردنە جیاوازە و لەبەر ئەوەی ئەندام پەرلەمانەکانی خولی نوێی پەرلەمان سوێندی یاساییان نەخواردووە، ئەوا ناکرێت حکومەت بە حکومەتی کار ڕاییکردن دابنرێت، هەر بۆیە وەك گوشار خستنە سەر حکومەتی ئێستای مالیکی پەرلەمان بەوجۆرە ئاماژەی پێکردووە کە حکومەتەکە بەحکومەتی کار ڕاییکردن وەسف دەکرێت، ئەمەش یەکێکە لەو بۆشاییە دەستوورییانەی کە لەئاکامی دواکەوتنی حکومەتەوە ڕووبەڕووی عێراقییەکان دەبێتەوە.

**لەکاتی هەڵوەشانەوەی پەرلەمان، حکومەت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێت بە حکومەتی بەڕێوەبردنی کارەکان**

بێگومان ئەم حاڵەتەی کە ئێستا عێراقییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە، یەکێکە لەو تەحددیانەی کە داهاتووی سەقامگیری عێراق دەخاتە ژێر پرسیارەوە و زەمینە دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی دەستێوەردانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بێتە ناو پرۆسەکە و عێراقییەکان کەم تازۆر ڕۆڵیکی ئەو تۆیان لە پرۆسەکەدا نەمێنێت، سەبارەت بە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٢٧، لە بەرێز هادی ئەلعامری سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر و یەکێك لەسەرکردە دیارەکانی ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقمان پرسی ئایا دوای ئەو دانیشتنەی پەرلەمان و نەگەیشتن بەهیچ ئاکامێك چۆن بارودۆخی سیاسیی لەعێراقدا هەڵدەسەنگێنن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا بەڕێز ئەلعامری بەمجۆرە وەڵامی ئەم ڕاپۆرتەی دایەوە: ((سەبارەت بە مەسەلەی دانیشتنە کراوەکەی پەرلەمان، لە ڕاستیدا ئەو مەسەلەیە مایەی داخە. ئەو نەریتەی ئەمڕۆ لە عێراقدا دەبینرێت، لەهەموو جیهاندا بوونی نییە، نەبووە پەرلەمان دانیشتنی کراوەی بۆ کاتێکی نادیار هەبێت. ئەوە نزیکەی ٥٠ ڕۆژە ئەم دانیشتنە کراوەیە درێژەی کێشاوە، هۆکارەکانی درێژەپێدانیشی بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان بوو. پێموایە مانەوەی دانیشتنی کراوە زیان بە پرۆسەی سیاسی دەگەیەنێت، لەبەرئەوەی تاکو دانیشتنی کراوە بەردەوام بێت، ئەوە کاتەکەش کراوە دەبێت و کاتی زیاتر بەفیڕۆدەچێت، بەداخەوە لای ئێمەی عێراقیش لادان لەدەستوور بۆتە شتێکی ئاسایی.





هەربۆیە بەرای من درێژەپێدانی زیاتر بە دانیشتنی کراوە زیانێکی زۆری لێ دەکەوێتەوە و کاردانەوەی نێگەتیڤانەی لەسەر پرۆسەی سیاسی دەبێت. دەکرێ لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەماندا چەند کاتژمێرێك تەرخان بکرێت بۆ دانیشتنێکی کراوە و هەروەها دەکرێ دانیشتنەکە بۆ ڕۆژی دواتر درێژەی پێبدرێ، بەڵام درێژەپێدانی دانیشتنی کراوە بۆ ئەو ماوە زۆرە زیان بە پرۆسە سیاسییەکە دەگەیەنێت و ئاکامی نێگەتیڤانەی لێدەکەوێتەوە. بەڵام سەبارەت بە حکومەتی بەڕێوەبردنی کارەکان، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە حکومەتی عێراقی لە ئەمڕۆوە حکومەتی بەڕێوەبردنی کارەکان نییە، ئێمە پێشتریش پێشنیارمان کرد بۆ ناوبردنی حکومەت وەکو حکومەتی بەڕێوەبردنی کارەکان، بەڵام بەداخەوە حکومەت داخوازییەکانمانی رەتدەکردەوە. بەرای ئێمە لە ١٦ی مارتی ڕابردووەوە، حکومەتی تەسریفی ئەعماله، ئەمەش واتە دوای تەواوبوونی خولی پێشووی پەرلەمان. لەلایەکی دیکە و بەپێی ماددەی ٦٤ی دەستووری عێراق، کە تیایدا

سیاسی
گوڵان
ژمارە (٧٩٢)
٢٠١٠/٨/٢



هادی ئەلعامری بۆ گوڵان:

# حکومەتی مالیکی لە 16ی مارتەوە حکومەتی کار راییکردنە نەک لە 27ی تەموزەوە و ئێمە دەپرسین بۆچی مالیکی دەیەوێت دووبارە خۆی کاندید بکاتەوە؟

هاتووە «لەکاتی هەڵوەشانەوەی پەرلەمان، حکومەت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێت بە حکومەتی بەڕێوەبردنی کارەکان». ئەمەش پێوەندییەکی بەهێز لەنێوانی پەرلەمان و حکومەت دەردەخات، لەبەرئەوەی هەر کاتێك پەرلەمان بوونی نەما، ئەو کاتە حکومەت دەبێت بە حکومەتی بەڕێوەبردنی کارەکان، لەبەرئەوەی لە عێراقدا سیستەمی پەرلەمانی بوونی هەیە. بەو شێوەیە، ئێمە نەك تەنیا لە ٢٧ی تەمموزەوە، بەڵکو هەر لە ١٦ی ئاداری ٢٠١٠ەوە ئەم حکومەتە بە حکومەتی بەڕێوەبردنی کارەکان دادەنێین، لە بەرواری کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمانی پێشوو)).

سەبارەت بە نارازیبوونی لیستی دەوڵەتی یاسا بەناوبردنی حکومەتی ئێستا بەحکومەتی بەڕێوەبردنی کارەکان، عامری لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ئەم راپۆرتە وتی : ((با مالیکی نارازی بێت و بەئارەزووی خۆی کار و رەفتارەکانی ئەنجام بدات. ئێمەیش لەلایەن خۆمانەوە و هەر لەگەڵ دامەزراندنی پەرلەمان، پێداچوونەوە لەگەڵ حکومەتی پێشوو دەکەین لەسەر هەموو ئەو کارانەی کە ئەنجامی داون. هەر کە سەرۆکی پەرلەمان دەستنیشانکرا و دانیشتنەکانی رێکخرا، ئەو کات هەموو ئەو وەزیر و بەرپرسە حکومییانە سزادەدرێن و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، کە وەزیر و دەسەڵاتدار بوونە و بەشێوەیەك مامەڵەیان کردووە هەروەکو ئەوەی کە دەسەڵاتی تەواویان هەبووە نەك وەکو بەڕێوەبردنی کارەکان. هەروەها بەدواداچوونی هەموو ئەو بڕیارانە دەکەین کە حکومەت دەریانچوواندووە و بڕیاری لەسەر داوە، هەر لە ١٦ی ئادار تا ئەو رۆژە و سزای حکومەت دەدەین لەسەر هەموو کارەکانی کە وەکو حکومەتی بەڕێوەبردنی کارەکان ئەنجامی نەداون))..

هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەوەی ئایا چەقبەستنی لایەنە عێراقییەکان بۆ رێکنەکەوتنیان سەبارەت بە یەکلاییکردنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران، لە ئەحمەد عەلی تۆژەر لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیکمان پرسی ئایا تاچەند ئەم چەقبەستنە داهاتووی عێراق دەخاتە مەترسییەوە؟ تۆژەر ئەحمەد عەلی کە خۆی تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق لە ئامۆژگای ناوبراو بەمجۆرە وەڵامی پرسیاری ئەم راپۆرتەی دایەوە و وتی: ((دەبێت سیاسەتمەدارانی عێراق رێز لە ئیرادەی خەڵك عێراق بگرن کە بە ژمارەیەکی گەورە بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد و ئەو ئیرادەیە جێبەجێ بکەن. ئەگەرنا خەڵکی عێراق لە پرۆسە سیاسییەکە نارازی دەبن و بە دڵنیاییەوە ئەمە دەبێتەهۆی لەقکردنی متمانەیان بە سیستەمەکە. گرنگە ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە دواخستنی پێکهێنانی حکومەت مایەی نائومێدییە، هەروەها گرنگە حکومەتێکی راست و دروست بە رەوتێکی خاو پێکبهێنرێت، نەك حکومەتێکی هەڵە بە رەوتێکی خێرا بهێنرێتە ئارا. هەموو پارتە سیاسییەکان ئەم راستیە دەزانن و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە گفتوگۆکان کاتێکی زۆر دەخایەنێت بۆ پێکهێنانی حکومەت. لە کاتێکدا سەرقاڵی گفتوگۆن، ئەوا دەبێت ئەو راستیە فەرامۆش نەکەن کە دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی هەر گرووپێك لە حکومەتی نوێدا زۆر مەترسیدارە بۆ سەر داهاتووی عێراق. کەواتە پێوستە حکومەتێکی نوێنەرایەتی پێکبهێنرێت)).

سەبارەت بە دەستێوەردان یان دروستکردنی گوشار لەلایەن ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی عێراقییەکان لێکنزیك ببنەوە و بگەنە رێککەوتنێکی هاوبەش، ئەحمەد عەلی لەدرێژەی لێدوانەکەی بۆ ئەم راپۆرتە وتی: ((ئێستا رۆڵی ئەمریکا لە عێراقدا گۆڕاوە. مەبەستی پشت سەردانەکەی بایدن بۆ عێراق، بۆ پیشاندانی پابەندبوونی ئەمریکا بوو بە یارمەتیدانی عێراق لە داهاتوودا. ئەمریکا درك بەوە دەکات کە دەبێت پرسی پێکهێنانی حکومەت لە دەستی عێراقییەکان خۆیاندا بێت و بێ هیچ دەستێوەردانێکی دەرەکی ئەنجام بدرێت. بەڵام رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەر ئەندامێکی دیکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە پێی پرس و مەسەلەکان دەگۆڕێت. بۆ نموونە، ئەوان هیچ رۆڵێك نابینن لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا. بەڵام رۆڵی UNو یەکێتی ئەورپا رۆرلێکی گرنگ دەبێت لە کێشەکانی وەك کەرکوك و دۆخی ئابووری عێراقدا)).

بەڵام پرۆفیسۆر تۆماس ماتئایەر ئەندامی ئامۆژگای ئەنجومەنی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق و کەندا و ئێران، راشکاوانەتر ئاماژە بە شکستی

دەبێت سیاسەتمەدارانی عێراق رێز لە ئیرادەی خەڵکی عێراق بگرن کە بە ژمارەیەکی گەورە بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد و ئەو ئیرادەیە جێبەجێ بکەن

گرنکە حکومەتێکی راست و دروست بە رەوتێکی خاو پێکبهێنرێت، نەک حکومەتێکی هەڵە بە رەوتێکی خێرا بهێنرێتە ئارا

دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی هەر گرووپێك لە حکومەتی نوێدا زۆر مەترسیدارە بۆ سەر داهاتووی عێراق

**عێراقییەکان ئەو ئیرادەیەیان تێدا نییە کە بتوانن حکومەتێک پێکبهێنن کە نوێنەرایەتیی هەموو هاووڵاتییەکانی عێراق بکات**

عێراقییەکان دەکات و لە وەڵامی پرسیارێکی ئەم راپۆرتە وتی: ((وەك دەیبینم، لەنێوان سەرکردەکاندا چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەی زۆر ئەنجام دەدرێت، بەڵام هیچ ئەنجامێك یان رێککەوتنێك لەو کۆبوونەوانەدا نابینم، تەنانەت هیچ رێککەوتنێك راناگەیەندرێت. هەر بۆیە، ناتوانین ناو لەو کۆبوونەوانەدا بنێین بە هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەت و تاکو ئەمڕۆ شکستیان بەدەست هێناوە. هەر لە پاش پرۆسەکانی هەڵبژاردنەکانەوە عێراقییەکان نەیانتوانیوە حکومەت پێکبهێنن لەبەرئەوەی هەروەکو دیارە عێراقییەکان ئەو ئیرادەیەیان تێدا نییە کە بتوانن حکومەتێك پێکبهێنن کە نوێنەرایەتیی هەموو هاووڵاتییەکانی عێراق بکات. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لیستی «ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی» لەگەڵ لیستی «دەوڵەتی یاسا» ئیئتیلافێکی شیعەی زلهێزیان پێکەوە پێکهێناوە و ئەوەش بەڕای من ئەو راستییەم بۆ دەسەلمێنێت کە بەو کارەیاندا دەرفەت بە سوننەکان نابەخشن بۆ بەشداری بکەن لە حکومەت. هاوکات پێموایە کە ئەوان ئامادەنین تەنانەت لەگەڵ کوردەکانیش سازش بکەن و دەرفەتیان پێ ببەخشن. بەڵام بەڕای من، پێموایە کە «عەللاوی» و لیستەکەی پێگەیەکی بەواتایان لە حکومەتدا نییە. لە حکومەتی داهاتوو گەشبین نیم و لەو بڕوایەدانیم کە حکومەتێکی سەرکەوتوو و کارای لێ دەرچێت، هەروەها لەو بڕوایەدانیم کە حکومەتی عێراقی، تەنانەت پاش پێکهێنانیشی، بتوانێت هاوڕایی و کۆدەنگیی هەبێت بەتایبەتی لەبارەی هەندێ کێشە، وەکو یاسای نەوت و پرسی کەرکوك)).

**لەو بڕوایەدانیم کە حکومەتی عێراقی، تەنانەت پاش پێکهێنانیشی، بتوانێت هاوڕایی و کۆدەنگیی هەبێت بەتایبەتی لەبارەی هەندێ کێشە، وەکو یاسای نەوت و پرسی کەرکوک**

دیپلۆماتی ئەمریکی تۆماس ماتئایەر لە درێژەی لێدوانەکەیدا و سەبارەت بە هەوڵەکانی ئەمریکا بە تایبەتی هەوڵەکانی جۆزیف بایدن بۆ لێکنزیککردنەوەی لایەنە عێراقییەکان راشکاوانە ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەمریکا پێی باشترە د.عەللاوی پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت و لەمبارەوە پێی راگەیاندین: (( «بایدن» لە میانەی سەردانەکەی بۆ عێراق، گوزراشتی لەهەمان ئەو خاڵە کرد کە من بیرم لێدەکردەوە، ئەویش بریتییە لەوەی کە لە عێراقدا هەوڵێك هەیە بۆ دوورخستنەوەی سوننەکان لە حکومەت. ژمارەیەکی زۆریش لە سوننەکان دەنگیان بە «عەللاوی» داوە و لیستەکەی نوێنەرایەتی رێژەیەکی زۆر لە سوننەکان دەکات. ئێستاش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر جەخت دەکرێتە سەر کشانەوەی هێزەکانمان لە عێراق و تا کۆتایی مانگی ئاب ژمارەی هێزە سەربازییەکانمان تاکو ٥٠،٠٠٠ سەرباز کەمدەکەینەوە. هەروەها، هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە دەسەڵات و کاریگەرییەکەی جارانمان لە عێراقدا نەماوە و لە پێشتر کەمتر بووە، وێڕای ئەوەش کاریگەریمان لەسەر رەوتی شیعە زۆر لاوازە لەکاتێکدا ئەوان پێوەندیی بەهێزیان لەگەڵ ئێران هەیە. هەربۆیە، ئەمڕۆ کاریگەریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر عێراق دەستی بە لاوازبوون و نەمان کردووە. ئێستاش مەسەلەکان تەنیا لە دەستی عێراقییەکانە بۆئەوەی بەخۆیان بڕیارە ئەستەمەکان بدەن. بەڵام بەڕای من شتێکی باش نییە ئێران کاریگەریی لەسەر عێراق هەبێت. سەبارەت بە چاوپێکەوتنەکەی نێوان «سەدر» و «عەللاوی»، هەرچەندە نازانم هۆکار و مەبەستەکانی ئەو چاوپێکەوتنە چی بوون، بەڵام ئەگەر مەبەستەکەی پشتگیریکردنی «عەللاوی» بێت، ئەوە شتێکی زۆر باشە، بەڵام ئەگەرێك هەیە کە «سەدر» لەو چاوپێکەوتنەیدا لەگەڵ

**ئەگەرێک هەیە کە «سەدر» لەو چاوپێکەوتنەیدا لەگەڵ «عەللاوی» تەنیا مەبەستی ئەوە بووە کە فشاری زیاتر بخاتە سەر «مالیکی» بۆئەوەی دووبارە پۆستی سەرۆک وەزیران وەرنەگرێت**

«عەللاوی» تەنیا مەبەستی ئەوە بووە کە فشاری زیاتر بخاتە سەر «مالیکی» بۆئەوەی دووبارە پۆستی سەرۆك وەزیران وەرنەگرێت. خەملاندنی ئەگەر و پێشبینییەکان لەدوای ئەو کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنانە کارێکی زۆر زەحمەتە، بەڵام بە بۆچوونم، هەر یەك لە وڵاتانی سوریا و عەرەبستانی سعودیە و تەنانەت ئەمریکا-ش پشتگیری لە «عەللاوی» دەکەن بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیران. هەربۆیە، ئەمڕۆ بڕیاری ئەستەم و گەورە لەبەردەم عێراقییەکاندا هەیە بۆئەوەی بڕیاری لەسەر بدەن، بەڕای من دوورخستنەوەی سوننەکان لە حکومەت بۆ داهاتووی عێراق باش نابێت. هەروەها لەبەرئەوەی ئەمڕۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە عێراقدا نەماوە. هەر بۆیە، نە ئەمریکا و نە ئێران بۆیان نییە دەستێوەردانی کاروبارەکانی عێراق بکەن یان بڕیاری لەسەربدەن)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەوەی ئایا تاچەند شکستی ئەم پرۆسەیە کاریگەری







**تۆماس ماتئایەرز بۆ گوڵان:**

# حکومەتی مالیکی حکومەتی کار راییکرنە و شەرعییەتی نەماوە بەڵام بەهۆی پێکنەهاتنی حکومەتی نوێوە، پێویستە بڕیارەکان دەربکات و دەسەڵاتەکان بەکاربێنێت

لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا دەبێت و تاچەند دوای شکستی عێراقییەکان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاریکار دەبێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا ماتئایەر بەمجۆرە وەڵامی ئەم راپۆرتەی دایەو و وتی: ((سەرەتا سەبارەت بە رۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم پرۆسەیەدا، بەڕای من ناکرێ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەرەکانی بۆ عێراق بنێرێت و بتوانێت قەناعەت بە سەرکردە و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بێنێت بۆئەوەی بگەنە رێککەوتنێك. نابێت چاوەڕوانی ئەو شتە بکرێ؟ هەروەها بۆچی عێراقییەکان گوێ لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بگرن، لەکاتێکدا کە دەتوانن گوێ لە وڵاتانی دراوسێی خۆیان بگرن، یان لە رکابەرەکانیان لەناو عێراق؟ بەڕای من ئەوە شتێکی هەڵەیە کە عێراق چاو لە وڵاتانی دەرەوە ببڕێت و چاوەڕوانی ئەوان بکات بۆئەوەی کێشەکانی بۆ چارەسەربکات. جیهانی دەرەوە دەتوانێ هاوکاریی عێراق بکات لە نووسینەوەی دەستوور، یان لە چاودێریکردنی شێوازەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەکانی هەڵبژاردن، هەروەها دەتوانێت هاوکاربێت لە کارەکانی وەبەرهێنان بەتایبەتی لە بوارەکانی نەوت، لەبەرئەوەی عێراق خاوەن نەوت و داهاتە و لەتوانایدا هەیە وڵاتەکەی بونیاد بنێتەوە. بەڵام جیهانی دەرەوە بەهیچ شێوەیەك دەسەڵاتی نییە لە بڕیاردان لەسەر پرسەکانی عێراق، وەکو فشارخستنە سەر پارت و لایەنە سیاسییەکانی عێراق و دەرکردنی بڕیارەکان و دەستنیشانکردنی کەسایەتییەکان بۆ پۆستە سەرورییەکان (سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران و سەرۆك پەرلەمان)، یان لەبارەی رێژە و ئاستی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و دەستنیشانکردنی وەزیرەکان و پۆستەکانیان. جیهانی دەرەوە ناتوانێت لەبری عێراقییەکان بڕیار لەسەر ئەم لایەنانە بدات. سەبارەت بە کاریگەری ئەم شکستەش لەسەر سیاسەتی ئەمریکا، دەبێت لەو خاڵەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، کاتێك کە بۆ ماوەی ٧ساڵدا لە جەنگێکی درێژخایەن بن و کاتێك کە هەزارەها سەرباز لەدەست بدەن و بلیۆنەها دۆلار سەرفبکەن، ئەو کات خەڵکی لەو بارە بێزاردەبن و پرسیار ئاراستەی دەسەڵاتداران دەکەن و دەپرسن: «بۆ ئەوەندە پارە سەرفبکەین و تاکەی رۆڵەکانمان بکەین بە قوربانی؟» پێموایە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق کارێکی هەڵەبووە و زیانێکی یەکجار زۆری بە دەوڵەتی عێراق گەیاندووە. بەڵام هاوکات و کەمترین شت، ئەمریکا توانیی لە عێراقدا سیستەمێکی دیموکراسی بخوڵقێنێت و یارمەتییان بدات لە بڕیاردان، هەروەها کەمترین شت توانیمان لە عێراق رێگەچارەیەك بدۆزینەوە لە کەمکردنەوەی ئاستەکانی توندوتیژی و شەڕی ناوخۆیی، ئەویش لەرێگەی دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی گونجاو لەمیانی هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ «سەحوەی سوننەکان» و «مالیکی». ئێمە تا هەتا لە عێراقدا نابین، هەروەها ناتوانین هەتا هەتا بڕیارەکان لەسەرتان بسەپێنین و لەبری ئێوە بڕیارەکان بدەین. بەڵێ، دان بەوە دەنێین کە داگیرکردنی عێراق هەڵەبوو و کە ئەمڕۆ لە ئەفغانستان کێشەی گەورەترمان لەبەردەمدایە، هەروەها کەسیش نایەوێ عێراق لە قۆناغێك جێبهێڵێت، بەتایبەتی کاتێك کە ئەگەری بەهێز بوونیان هەیە بۆ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی و ناکۆکی لەنێوانی پێکهاتەکانیدا. بەڵام پێموایە کە مەسەلەکان لە دەستی سەرکردەکانی عێراقە بۆئەوەی لە راستییەکان تێبگەن و بزانن مەترسییەکان چین و بتوانن خۆیان لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی دووربخەنەوە، ئەویش لەرێگەی سازشبوونەوەی گرنگ و پێویست کە لە بەرژەوەندیی هەموو لایەنێك بێت)).

## حکومەتی کار راییکردن پێداگرتنی مالیکی بۆ مانەوە

ئێستا دوای دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت، دوو ئاستەنگی دیکە لە پرۆسەکە سەریانهەڵداوە، ئەویش ئەوەیە کە لیستی دەوڵەتی یاسا بەوە رازی نییە حکومەتی ئێستا بە حکومەتی کار راییکردن وەسفبکرێت و هەروەها رازی نابێت بێجگە لە د.مالیکی کەسێکی دیکە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران کاندید بکرێت، سەبارەت بەم دوو ئاستەنگە ئەحمەد عەلی تۆژەر لە ئامۆژگای واشنتۆن لەسەر پرسی عێراق، بەم راپۆرتەی راگەیاند و وتی: رازینەبوونی لیستی دەوڵەتی یاسا بە ناونانی حکومەتی ئێستا بە حکومەتی کار راییکردن، ئەمە پێشێلکردنی دەستور نییە، لەبەر ئەوەی لە دەستووردا هیچ ماددەیەك نەهاتووە کە موعالەجەی پرسی ئەوە بکات

هەر یەک لە وڵاتانی سوریا و عەرەبستانی سعودیە و تەنانەت ئەمریکا-ش پشتگیری لە «عەللاوی» دەکەن بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران

نە ئەمریکا و نە ئێران بۆیان نییە دەستێوەردانی کاروبارەکانی عێراق بکەن یان بڕیاری لەسەربدەن

بۆچی عێراقییەکان گوێ لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بگرن، لەکاتێکدا کە دەتوانن گوێ لە وڵاتانی دراوسێی خۆیان بگرن

**دەبێت پارتە سیاسییەکان کار بۆ ئەوە بکەن کە حکومەتی داهاتوو و هەموو پێگەکان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی عێراقی بێت**

ئایـــا ئەو حکومەتەی لە نێوان هەڵبژاردنەکان و لە پێکهێنانی حکومەتی نوێدا چی دەبێت. هەروەهـــا ئەم ناکۆکیەی نێـــوان هاوپەیمانی نیشتمانی و دەوڵەتی یاسا، دەرفەتی عەللاوی بۆ کاندیدکردنی سەرۆك وەزیرانی زیاتر دەکات بۆئەوەی دووبارە ئەم پۆســـتە بگرێتەوەدەست. بەڵام هێشتا هاوپەیمانی نیشتمانی دەتوانێت لە دوا ساتەوەختەکانی گفتوگۆکاندا پاڵێوراوێك بۆ ئەم پۆســـتە دەستنیشان بکات و ڕێگە لە عەللاوی بگرێت ئەم پۆســـتە بگرێتەدەست، لەم پرۆســـەیەدا ڕۆڵی کوردەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبێت، لەبەر ئـــەوەی هەموو لایەنە سیاســـییەکان درك بەو ڕاستیە دەکەن کە بێ بەشداربوونی چالاکانەی کوردەکان پێکهێنانی حکومەتی نوێ زۆر زەحمەتە. بەڵام هێشـــتا زووە دەستەواژەی گەشبین یان ڕەشبین بەکار بهێنین بۆ وەســـفکردنی بارودۆخی ئێستای عێراق. دەبێت پارتە سیاسییەکان کار بۆ ئەوە بکەن کە حکومەتی داهاتوو و هەموو پێگەکان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی عێراقی بێت)).

بـــەڵام هادی ئەلعامری وەك ســـەرکردەیەکی ئیئتیلافی نیشـــتمانی زۆر پێ لەســـەر ئەوە دادەگرێت کە د.مالیکی خۆی بۆ ئەو پۆستە کاندیـــد نەکاتـــەوە و دەربارەی ســـووربوونی مالیکیش لەسەر ئەم پۆستە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ ئەم ڕاپۆرتە خســـتە ڕوو وتی: ((سەبارەت بە دووبـــارە کاندیدکردنـــەوەی مالیکی، ئەوە پرسیارێکە کە پێویستە ئەو وەڵامی بداتەوە و تەنیا ئەو دەتوانێ وەڵامەکەی بداتەوە، ئێمەیش ئەم پرسیارە دەورژێنین و دەپرسین و دەمانەوێ بزانین کـــە ئایا بۆچی دەیەوێ دووبارە خۆی هەڵبژێرێت و بۆچی لە کاندیدکردن پاشەکشە ناکات؟ بەڵام بۆ مانەوەی حکومەتی ئێســـتا وەك حکومەتـــی کار ڕاییکـــردن ئەمەیـــان شتێکی ئاساییە و لە هەموو وڵاتێکدا هەبووە و ڕوودەدات، لەبەرئـــەوەی تاکـــو حکومەتی نوێ پێکنەهێنرابێت ئـــەوە حکومەتەکە وەکو حکومەتی بەڕێوەبردنی کارەکان دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی کە حکومەتی نوێ پێکدەهێندرێت، ناکـــرێ وڵاتەکە بەبێ حکومـــەت بمێنێتەوە، سەبارەت بەمانەوەی حکومەتی ئێستای عێراق هیچ کێشـــەیەکی تێدانییە، بەڵکو پێویســـتە حکومەتەکـــە بمێنێتەوە و ئـــەرك و کارەکانی جێبەجـــێ بکات، بەڵام ئەم حکومەتە تەواوی دەســـەڵات و کارەکانی لەدەست نابێت، بەڵکو بەپێی ئەو دەسەڵاتانە دەبێت کە لە دەستووردا باســـکراون، ســـەبارەت بەو خاڵـــەی کە پێی دەوترێت حکومەتی بەڕێوەبردنی کارەکان)).

**پەنابردن بۆ هێز یاریدەدەر نییە و کێشەکان چارەسەرناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات**

هەر ســـەبارەت بە هەمان پـــرس و دەربارەی ئەوەی پێشـــبینی دەکرێت کۆبوونەوەی ڕۆژی ٤ی ئابی دادێی ئەنجومەنی ئاســـایش باس لەپرۆســـەی سیاســـی عێـــراق دەکات و ئایا تاچەند ئـــەو کۆبوونەوەیە کاریگەری دەبێت؟ هادی ئەلعامری لـــە درێژە ئاخاوتنەکەی بۆ گوڵان وتی: ((هیوادارین ئەنجومەنی ئاسایش دەســـتێوەردانی کاروبارەکانی عێراق نەکات و کێشەکان بەشێوەیەك کە لە ئێستای ئاڵۆزتری نەکات، هەروەها بەهەموو شـــێوەیەك لەدژی شـــێواندنی بارودۆخی ئەمـــڕۆی عێراقین، لەبەرئەوەی عێراق لە مانگی نیســـانی ساڵی ٢٠٠٣ەوە داگیرکـــرا و لـــە ئاکامدا باجێکی زۆرماندا، هەربۆیـــە هیوادارم ئەو بارودۆخانە دووبارە نەبنـــەوە. ئێمە ئەمڕۆ هەموو هەوڵێك دەدەین لەپێناوی وەدەستهێنانی سەروەرییەکی گشـــتگیر بۆ عێراق. هەربۆیـــە، بەڕای من ئێمە لە بارودۆخی عێراق باشـــتر تێدەگەین و ئەرکەکە کەوتۆتە سەر شـــانی لایەن و پارتە سیاســـییەکانی عێراق بۆ لەئەســـتۆگرتنی ئەنجامدانـــی ئـــەم کارە. «تەنیـــا خەڵکی مەککە شـــارەزای ڕێوشوێنەکانی مەککەن»، هەروەهـــا «هـــەر بارێکی قـــورس تەنیا بە خاوەنەکـــەی هەڵدەگیرێت». بەو شـــێوەیە، ئێمە لەدژی هەموو دەستێوەردانێکی دەرەکین لـــە کاروبارەکانی عێـــراق، تەنانەت گەر ئەو دەســـتێوەردانە هەرێمی بوو یـــان نێودەوڵەتی، لەبەرئەوەی دەســـتێوەردانی دەرەکی کێشەکان چارەســـەرناکات، بەڵکو ئاڵۆزتری دەکاتەوە. بـــەڕای من، جگە لە ڕێگەچارەی یاســـایی و دەســـتووری و شـــێوازی ئاشـــتییانە هیچ ڕێگەیەکی دیکەمان نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. لەبەرئەوەی پێموایە پەنابردن بۆ هێز یاریدەدەر نییە و کێشـــەکان چارەســـەرناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات. ئێمە پێمانوایـــە کە پیادەکردنی یاســـاکان و دەستوور و ئەنجامدانی گفتوگۆ و دانوستانی بونیادنەر و دیالۆگی ئاشتییانە و تێگەیشتن لەنێوانی هێزە سیاســـییەکانی عێـــراق تاکە ڕێگەچارەیە لە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرکراوەکان، هەروەها تاکە شێوازە لە چارەســـەرکردنی هەموو کێشەکانی عێراق، کێشـــەی ناوچە ناکۆکی لەسەرکراوەکان تاکە کێشـــە نییە لە عێراق، بەڵکو چەندین کێشەی







**ئەحمەد عەلی بۆ گوڵان:**

# هەموو لایەنە عێراقییەکان درک بەو راستیە دەکەن، بێ بەشداری چالاکانەی کورد پێکهێنانی حکومەتی نوێ زۆر زەحمەت دەبێت

زۆر و ئاڵۆز لەنێوانی هێزە سیاسییەکاندا بوونیان هەیە. هەر بۆیە، بەڕای ئێمە، ئەنجامدانی دیالۆگی بونیادنەر و گەڕانەوە بۆ یاسا و دەستووری عێراقی و دانوستانی نیشتمانی و برایانە و بونیادنەر باشترین ڕێگەچارەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان)).

پرۆفیسۆر ماتئایەرزیش سەبارەت بەوەسفکردنی حکومەتی ئێستای د.مالیکی بەحکومەتی کار راییکردن، رایەکی پێچەوانەی ئەحمەد عەلی تۆژەی لە ئامۆژگای واشنتۆن هەیە، راشکاوانە بەم راپۆرتەی راگەیاند حکومەتی ئێستای مالیکی حکومەتی کار راییکردنەو هیچ شەرعیەتێکی نەماوەو وتی: ((حکومەتی د.مالیکی حکومەتی بەڕێوەبردنی کارەکانی رۆژانەیە و شەرعییەتی نەماوە، بەڵام بەهۆی پێکنەهاتنی حکومەتی نوێ، پێویستە کەسێك هەبێت کە بڕیارەکان دەربکات و دەسەڵاتەکان بەکاربێنێت، بەپێچەوانەوە ئەوە وڵاتەکە دووچاری دارمان دەبێت. چەندین بڕیاری گرنگ هەیە و پێویستییان بە بڕیاردانە لەسەریان، بۆ نموونە لەبارەی شێوازی دابینکردنی تەزوی کارەبا بۆ هاووڵاتیان، هەروەها بڕیاری دیکەی پەیوەستدار بە ڕێکخستنی هێزەکانی پۆلیس و سووپا لەپێناوی دابینکردنی ئاسایش و ئارامی بۆ وڵاتەکە. هەر بۆیە، پێموایە کە ئەمە ئەرکی حکومەتی ئێستای عێراقە بڕیاریان لەسەربدات، ئەگەر ئەو نەبێت ئیتر کێ دەتوانێت ئەو کارەبکات یان بڕیاریان لەسەر بدات؟ پێویستە حکومەتی ئێستای عێراق بەو کارانە هەستێت تا حکومەتی نوێ پێکدەهێندرێت، بەڵام ئەگەر هەر پارتێك یان هەر لایەنێك نارەزایی و بەرهەڵستکاری لەو دەسەڵاتانە هەیە کە حکومەتی ئێستای عێراق پیادەیان دەکات، ئەوە پێویستە ئەو شتە بۆیان ببێت بە هاندەرێك بۆ پەلەکردن لە پێکهێنانی حکومەتی نوێ. سەبارەت بە مەسەلەی پێداگرتنی مالکیش بۆ مانەوەی لە پۆستی سەرۆك وەزیراندا، بەڕای من ئەندامانی «ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی» نایانەوێ «مالیکی» بکرێتەوە بە سەرۆك وەزیران. لەکاتێکدا بەخۆی و لیستەکەی لیستی «دەوڵەتی یاسا» دەیانەوێ کاندیدی بکەنەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیران. هەربۆیە، لێرەدا ئەگەرێك هەیە بۆ لیستی «ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی» کە لەوانەیە بتوانێت لەگەڵ لیستی «عێراقییە» بگاتە جۆرە ڕێککەوتنێك، بەڕای من ئەگەر ئەو شتە رووبدات ئەوە درووستترین ڕێگەچارەیە کە هەرگیز بگرێتەبەر. تەنانەت گەر ئەم شتەش روویدا، پێویستە ڕێکبکەون لەسەر ئەو رۆڵەی کە پێویستە کوردەکان بیگێڕن و بڕیاربدەن لەسەر چارەنووسی هەندێ لە کێشەکانی کورد وەکو نەوتی کەرکوك، هەرچەندە تاکو ئێستاش قسە لەسەر ئەم لایەنانە نەکراوە، بەڵام ئەو کێشانە بریتین لە کێشە گرنگەکانی عێراق کە پێویستە لەسەر هەردووك لە لیستەکانی «عێراقییە» و «ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی» دوای یەکگرتنیان تاوتوێی بکەن)).

لەم پرۆسەیەدا هێشتا کورد رۆڵێکی بەرچاوی هەیە و نەبۆتە بەشێك لە کێشەکە، سەبارەت بەم پرسەش پرۆفیسۆر ماتئایەرز پێیوایە: ((مەسەلەکە پەیوەستە بەوەی کە ئایا کورد توانا و پێگەی پێویستی هەیە بۆ گێڕانی ئەو رۆڵە یان نا. بەڕای من ئەگەر بێت و هەر یەك لە لیستەکانی «عێراقییە» و «ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی» یەکبگرن، ئەو کاتە کورد دەتوانێت پاڵپشتی و هاوکارییان بکات لە پێکهێنانی حکومەتی نوێ. بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە: ئایا کوردەکان ئامادەن بەم کارە هەستن؟ ئایا کوردەکان لەتوانایاندا هەیە داخوازی و داواکارییەکانیان وەدی بێنن؟ ئەو هەموو پرسانە مایەی گفتوگۆ و تاوتوێکردنن و پێویستییان بە دانوستان هەیە. لەم چوارچێوەیەدا ناتوانم بڵێم گەشبینیم یان رەشبینیم، بەڵکو لێرەدا زیاتر دەمەوێ باس لەوە بکەم کە لە بارەکە هەست بە هیوابڕان دەکەم. تەنیا ئەوەندەم پێ دەوترێت)).

هادی ئەلعامریش سەبارەت بە رۆڵی کورد لەپرۆسە سیاسییەکەدا وتی : ((بەڕای من برا کوردەکان و هەموو هێزە سیاسییەکان لەتوانایاندا هەیە رۆڵێکی گرنگ ببینن. پێموایە کە تاکە ڕێگەچارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەمڕۆی عێراق بریتییە لە ئەنجامدانی دانوستان و گفتوگۆی دۆستانە و برایانە و بونیادنەر لە نێوانی هێزە سیاسییەکان و برا کوردەکانیش ئەمڕۆ بەشێکن لە هێزە سیاسییەکانی عێراق و هێزێکی سیاسین و پارچەیەکن لە وڵاتەکە و دڵنیام کە ئەوانیش دەتوانن هاوکاربن لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ دەربازبوون لەم کێشە ئاڵۆزە.

**ئەنجامدانی دیالۆگی بونیادنەر و گەڕانەوە بۆ یاسا و دەستووری عێراقی و دانوستانی نیشتمانی و برایانە و بونیادنەر باشترین ڕێگەچارەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان**

**«ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی» نایانەوێ «مالیکی» بکرێتەوە بە سەرۆک وەزیران. لەکاتێکدا بەخۆی و لیستەکەی لیستی «دەوڵەتی یاسا» دەیانەوێ کاندیدی بکەنەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران**



# شارستانیـ
# له نێــوان دیالـ

چەمکی دیالۆگی نێوان شارستانیەتەکان، زۆر کۆن نییە . لەدایك بوون و ســەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ســەرەتای ساڵانی حەفتای ســەدەی بیستەم و تا ماوەیەکی زۆر بەکاربردنی ئەم چەمکە ســنووردارو تایبەت بوو بە دەســتەبژێری سیاسی و رۆشنبیری



**بەهات حەسیب قەرەداخی**

و هەندێ لەو دامــەزراوە جیهانیانەی کە خەریکی برەودان بوون بە پرۆســەی ئاوێتەبوون و کارلێکردنی نێوان فەرهەنگە جیاوازەکانی میللەتان .

لەحەفتاکانــی ســەدەی رابــردوودا، نووســەر و فەیلەســووفی فەرەنســایی (رۆژێ گارودی) کتێبێکی بەناونیشانی (دایالۆگی شارستانیەتەکان) بڵاوکــردەوە . تێیدا پــەردەی لەڕووی شــاراوەی مێژووی شارســتانیەتی خۆرئــاوا هەڵماڵی و ئەو وەهمــەی رەوانــدەوە گوایا بەتەنیــا خۆرئاوایە کە داهێنەری بەها مرۆییەکانە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا . بەوەشەوە نەوەستاو پەنجەی تاوانیشی بۆ چەندین برگەی رەشــی ئەو مێژووە خوێناوییە راکێشــا و تاوانی کۆمەڵکوژی و بێ ویژدانیشــیی خســتە پــاڵ . بۆ یەکەمجار بوو کەســێك لە ناوجەرگەی خۆرئــاواوە بەو توندییە وبــەو زەقییە مێژووی ئەو شارستانیەتە تاوانباربکات بە لەناوبردنی ملیۆنەها مرۆڤی بێ تاوانی خەڵکی ئەســڵیی ئەمێریکایی و راگواســتن وبەکۆیلەکردنی زیاتر لەســەد ملیۆن نیگــرۆی ئەفریکایی و دروســتکردنی گاپێکی بەربــڵاوی ســامناك لەنێوان باکوور و باشــوور و خۆرهەڵات وخۆرئاوادا !

ئەم چەمکە لەسەرەتای ســاڵانی نەوەدی سەدەی رابردوودا واتا نزیکەی بیســت ســاڵێك لەمەوبەر، بــەدوای رووداوە دراماتیکیەکانی هەرەســهێنانی دەوڵەتــی ســۆڤیەت و رووخانی دیــواری بەرلین و ســەرهەڵدانی پرســیارگەلێکی بێ شــوماری پێشــبینینەکراو لەبارەی پاشــەرۆژی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان وبەلانســی زلهێزەکان و سیســتمی نوێی جیهانــی و میکانزمی ململانێکانەوە، ئیدی بەتەواوی دەرفەتی گەشەسەندنی بۆ رەخسا .

لەو هەلومەرجە مێژووییە زۆر تازەیەدا، کەسێکی زۆر نەناسراوی دنیای سیاســەت وفیکر، لەئەمێریکادا بەناوی (فرانســیس فۆکۆیامــا) کتێبێکی لەژێر ناونیشــانی ( کۆتایی مێژوو) خستە بازاڕیشەوە و وەك بۆمبێکی فیکری تەقییەوە و دەنگ وسەدایەکی یەکجار بەربــڵاوی لێکەوتەوە و لەماوەیەکی کەمدا بەملیۆنەها دانەی لێفرۆشــراو بەوەش فۆکۆیاما لە نووســەرێکی نەناسراوەوە بوو بە ناودارترین بیریاری سیاسی لە ئەمریکاو بگرە لە دنیاشدا.

بیرۆکــەی ( کۆتایــی مێژوو ) لەســەر بنەمای گریمانەیەك بونیادنراوە کە پێی وایە : هەرەسهێنانی مۆدێلــی بەنــاو سۆسیالیســتیی خۆرهەڵاتــی و پاشەکشــەی دواجاری ئەو سســتمە سیاســی وکۆمەڵایەتییە لــە مەیدانی ململانێ و کێبەرکێدا لەهەمبەر سستمی سەرمایەداریی لیبرالیدا، باشترین پاســاوە بۆ ئەو راستییەی ئیدی میللەتانی دنیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بوون ونەبوونیان،جگە لە رێچکە و رێبازی سیستمی دیموکراسیی خۆرئاواو مۆدێلی ژیانی خۆرئاوا، پەنا بۆ هیچ رێگەچارەیەکی تر نابەن و بەوەش کۆتایی مێژووی ململانێی نێوان سیستم و دژە مۆدێلەکانی راگەیاند . فۆکۆیاما بەو کارەی، هات و مۆدێلی دیموکراسیی سەرمایەداریی رووبەڕوی گشت (جیهانبینیەکانی) تر، قوتکردەوە و وتــی : ئێوە زۆر لەوە گچکــەو بێ تواناترن کە مەیدانســازی لەتــەك شارســتانییەتی خۆرئاوادا بکەن، چارەنووسی هەمووتان بەم سستم ومۆدێلەی



# ـــەتەکان
# ـۆگ و مـلـملانێدا

ژیانی ئێمەوە گرێدراوە، بەخۆشی یان بە ململانێ، دوا وێستگەی مێژووتان هەر ئەمەیە کە ئێمە دامانهێناوە ! . . ئەوەندەی نەبرد، لە ساڵی ١٩٩٣دا یەکێ لە مامۆستایانی هارڤێرد بە تیۆرییەکی سەرچڵانە و بوێرەوە خۆی هاویشتە نیوەندی مەیدانی فیکری سیاسییەوە و ئەویش بەچەشنی فۆکۆیاما لەماوەیەکی زۆر کورتدا ناووناوبانگێکی جیهانیی بۆخۆیو بۆ تیۆرییەکەی پچڕی . ( هانتنگتۆن) بەپێچەوانەی فۆکۆیاماوە، هات و کۆتایی مێژووی دواخست تا ئەوکاتەی بەیەکجاری ململانێی نێوان شارستانیەتەکان یەکلایی دەبێتەوە . هانتنگتۆن پێی وایە لەدوایین جاردا، تەنیا سیان لەم شارستانیەتیانەی دنیا دەمێننەوەو دواین ململانێی مێژوو لەنێوانیاندا کۆتایی بە مێژوو دێنێ، ئەو سێ شارستانیەتەیش بریتین لە : خۆرئاوایی و ئیسلامی وکۆنفۆشیۆسیەت، چونکە هەر ئەم سیانە مەرج وفاکتەرەکانی مانەوە و بەردەوامییان تا دوایین نەفەس تێدایە .

لەناوەڕاستی ساڵانی نەوەدی سەدەی رابردوودا، سەرلەنوێ چەمکی (دیالۆگی نێوان شارستانیەتەکان ) لەسەر زاری ( د. موحەممەد خاتەمی ) ی سەرۆك کۆماری ئەوسای ئێران، سەریهەڵدایەوە . خاتەمی بانگەشەی بۆ ئەوەدەکرد کە دامەزراوە نێودەوڵەتیەکانی وەك ( نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوی دەوڵەتانی بێلایەن) لەتوانایاندا هەیەو دەشبێ رۆڵی ناوبژیوان ونزیکخەرەوە لەنێوان شارستانیەتە جیاوازەکاندا بگێڕن و دایالۆگێکی لێبڕاوانەو دڵسۆزانە لەنێوان ئەم جیهانبینیە دژانەدا بەرپابکا و بیگەێنێ بە ئەنجامێك کە تێگەیشتن و بەیەکگەیشتن لەنێوان میللەتان و کولتوور وشارستانیەتە جیاوازەکاندا بەدیبهێنێ . لەومیانەشدا زۆر بەگرنگییەوە ئاماژەی بە رۆڵی یونسکۆ دەکرد و بایەخێکی زۆری بۆ رۆڵی رەوەندی میللەتان لە خۆرئاواو خۆرهەڵات دادەنا لە گواستەوەی وێنەیەکی راستەقینەی شارستانیەتەکان بۆ میللەتەکانی خۆیان . هەروەها بەگرنگییەوە باسی لە دیموکراسیی نێودەوڵەتی دەکرد و جەختی لەسەر دیالۆگی نێوان بیرمەند و رۆشنبیران و هونەرمەندانی میللەتە جیاوازەکان دەکردەوە . بەڵام بەهۆی هەندێ فاکتەری سیاسیی نێودەوڵەتییەوە ئەو دەسپێشخەرییە فیکرییە گرنگەی خاتەمی دەرفەتی تەواوی خۆی پێ نەدراو زوو بە زوو لەجێگەی خۆی دامرکایەوە .

لە ساڵی ٢٠٠٤ دا، سەرۆك وەزیرانی وڵاتی ئیسپانیا ( خوسێ لویس سەباتیرۆ ) بیرۆکەی ( هاوپەیمانیی شارستانیەتەکان) ی هێنایە ئاراوە و لەماوەیەکە کورتدا بەناو بەشێکی بەرفراوانی کۆمەڵگەی جیهانیدا تەشەنەی سەند، تا گەیشت بەوەی ئەمینداری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان پاڵپشتیی خۆی بۆ دەربڕی و تیمێکی ١٨ کەسیی لە گەورە رۆشنبیران و بیرمەندانی جیهانیی پێکهێنا بۆ لێکۆلینەوە لە واقعییەتی ئەو بیرۆکەیە و داوای لێکردن تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ لەوبارەیەوە، راپۆرتێکی زانستیی تێروتەسەل و گشتگیری بخەنە بەردەس . ئەوەبوو راپۆرتە چاوەڕوانکراوەکە لەکاتی خۆیدا بەتایتڵی ( جیهانێکی پتر دڵنیا : بەرپرسیارێتیەکی هاوبەشمانە ) ئامادەبوو، تێیدا کۆی ئەو مەترسیانە دیاریکرابوون کە رووبەڕووی ئاشتی و دڵنیاییەکی سەرتاسەری دەبنەوە لەجیهاندا ( جەنگی نێوان وڵاتان، توندوتیژیی ناوخۆی وڵاتان و شەڕەناوخۆییەکان، جینۆساید و پێشیلکارییە بەرفراوانەکانی مافی مرۆڤ و کەمینەکان، هەژاری و پەتا و نەخۆشییە درمەکان و دارِزان و وێرانبوونی ژینگە بەهۆی تیشکە ئەتۆمی و ژەهرە کیمیایی و بایۆلۆجییەکانەوە ، تیرۆر و مافیا نێودەوڵەتیەکان ) .

دەرەنجام پێویستە بوترێ ( دیالۆگی نێوان شارستانیەتەکان ) لەوە دەرچووە قسەی سەرمێزی کۆنگرەو ناوهۆڵی سیمینارەکان بێ. دیالۆگ، بۆتە پێویستییەکی ناچاری، نەتەنیا هەر بۆ چارەسەرکردنی دەرهاویشتە خراپەکانی ئەو کێشەو ململانێ توندەی، مێژوویەکی دوورو درێژی خوێناویی بۆ جێهێشتووین، بگرە بۆ بەرگرتنیش لەهەر روبەڕووبوونەوەیەکی سەختی (چاوەڕوانکراو یان نەکراوی) نێوان جیهانبینیە جیاوازەکان، لە ئایندەدا.

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە بینراوە :


١ـ حوار الحضارات، روجیە غارودی .
٢ ـ نهایە التأریخ، فرانسیس فوکویاما .
٣ ـ صدام الحضارات، صامویل هانتنجتون .
٤ـ الموقع الألكترونی للأمم المتحدة الخاص بتحالف الحضارات :
http://nexosalianza.com/ar/
http://www.un.org/ و content/secti
secureworld